# ئەلفبێی کۆمۆنیزم

نیکۆلای بوخارین

ئێڤگێنی پریۆبراژێنسکی

وەرگێڕانی: ئەرسەلان ئەفراسیاو

# The ABC of Communism

**1920**

**Nikolai Bukharin**

**Evgenii Preobrazhensky**

لە بڵاوکراوەکانی پێگەی سۆشیاڵیزم

ئەلفبێی کۆمۆنیزم
نووسینی: بوخارین و پریۆبراژێنسکی
وەرگێڕانی: ئەرسەلان ئەفراسیاو

**بەشی یەکەم:**

**سیستەمی سەرمایەداری**

**ئابووریی کاڵایی**

هەر کە لە ژیانی ئابووریی ژێر سایەی سەرمایەداری دەکۆڵینەوە، دەبینین یەکەمین تایبەتمەندیی ئەو شێوە ژیانە بریتییە لە بەرهەمهێنانی **کاڵا**. ڕەنگە خوێنەر بپرسێت: "ئێ باشە، ئەمە چ گرنگییەکی هەیە؟". گرنگیی ئەمە لەوەدایە کاڵا هەروا بەرهەمێکی ئاسایی نییە، کاڵا شتێکە کە بۆ **بازاڕ** بەرهەمهێنراوە.

ئەو بەرهەمەی کە بەرهەمهێنەر بۆ خۆی بەرهەمدێنێت، بۆ بەکارهێنانی تایبەتی خۆی، بەرهەم نییە. جوتیار دانەوێڵە دەچێنێت و لە کۆتایی وەرزدا دەیدورێتەوە، دەیهاڕێت و نانی لێ دروست دەکات بۆ خۆی. ئەو نانە کاڵا نییە، تەنها نانێکی ئاساییە. ئەو نانە کاتێک دەبێتە کاڵا کە کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرێت. واتە کاتێک دەبێتە کاڵا کە بۆ کڕیار بەرهەمدێت، بۆ بازاڕ. هەرکەسیش کە دەیکڕێت دەبێتە خاوەنی.

هەموو بەرهەمێک لە سایەی سەرمایەداریدا بۆ بازاڕ بەرهەمدێت. واتە هەموو بەرهەمێک لە سایەی سەرمایەداریدا کاڵایە. هەر کارگە و کارخانەیەک بە گشتی یەک بەرهەم بەرهەمدێنێت. بۆیە ئاسان تێدەگەین کە بۆچی بەرهەمهێن بەرهەمەکانی بۆ مەبەستی بەکارهێنانی تایبەت بە خۆی بەرهەم ناهێنێت. خاوەن کارگەی تابووت لە کارگەکەیدا تابووت بەرهەمدێنێت. ئاشکرایە کە تابووت بۆ خۆی یان خێزانەکەی بەرهەم ناهێنێت، بۆ بازاڕی بەرهەمدێنێت. ئەمە بۆ خاوەن کارگەی زەیتی گەرچکیش ڕاستە. ئاخر ئەگەر ئەو کابرا گرفتی گەدەشی هەبێت، ئەوا جگە لە بڕێکی کەم کە پێداویستیی ئەو پڕدەکاتەوە، زەیتی زیاتر بەکارناهێنێت. ئەمە بۆ هەر کاڵایەکی تر کە لە سایەی سەرمایەداریدا بەرهەمدێت، ڕاستە.

کارگەی قۆپچە، قۆپچە دروستدەکات. بەڵام ئەو ملیۆنان قۆپچەی دروستیدەکات نابەسترێن لە قاتەکەی بەری خاوەنی کارگەکە. بۆ ئەوە دروستدەکرێن کە بفرۆشرێن. هەر شتێک لە سایەی سەرمایەداریدا دروستدەکرێت، بۆ بازاڕ دروستدەکرێت. ئەم بازاڕەش سۆسەج و دەستکێش و کتێب و بۆیاخ و پێڵاو و ئامێر و ویسکی و نان و چەکی سووکی تێدێت – بە کورتی، هەرشتێک دروستدەکرێت، دێتە بازاڕەوە.

ئابووریی بازاڕ بە ناچاری بوونی **خاوەندارێتیی تایبەت** دەسەپێنێت. ئەو پیشەگەرە سەربەخۆی کە کاڵا بەرهەمدێنێت، خاوەنی وەرشە و ئامرازەکانیەتی. خاوەنی کارگە خاوەنی کارگەکە و ئامێرەکانی ناویشیەتی. کاتێکیش خاوەندارێتیی تایبەت و بەرهەمهێنانی کاڵایی دێتە ئاراوە، ململانێ لەسەر کڕیار و کێبڕکێی نێوان فرۆشیاران دروستدەبێت. تەنانەت بەر لە سەرهەڵدانی خاوەن کارگە و پیشەگەر و سەرمایەدارە گەورەکان، ئەو کاتەی کە هەر تەنیا پیشەگەری سەربەخۆ هەبوون، ئەو پیشەگەرانەش لەنێو خۆیاندا لەسەر ڕاکێشانی کڕیار لە ململانێدا بوون. بەهێزترین و زیرەکترین و چاوچنۆکترینیان، یان ئەوەیان کە باشترین ئامرازی هەبوو، بەتایبەت ئەوەیان کە دەیزانی پارە کۆبکاتەوە، ئەوەیان بوو کە بە ئامانجی خۆی دەگەشت. زۆرترین کڕیاری لەخۆی کۆدەکردەوە و ڕکابەرەکانی بەرەو مایەپووچی دەبرد. بۆیە دەڵێین خاوەندارێتیی بچووک و ئەو ئابوورییە کاڵاییەی کە لەسەر ئەم خاوەندارێتییە بچووکە دامەزراوە، هەوێنی خاوەندارێتیی گەورە بوو، سەرەتای داڕمانی بەرهەمهێنە بچووکەکان بوو.

تایبەتمەندیی سەرەکیی سیستەمی سەرمایەداری بریتییە لە ئابووریی کاڵایی. ئابووریی کاڵاییش ئابوورییەکە کە بۆ بازاڕ بەرهەمدێت.

## دەستبەسەرداگرتنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەلایەن چینی سەرمایەدارەوە

ئابوورییەکی کاڵایی بە تەنیا بەس نییە بۆ بوونی سیستەمی سەرمایەداری. ئەشێت ئابوورییەکی کاڵایی هەبێت بەبێ سەرمایەدار. نموونەی ئەمەش ئابووری پیشەگەرییە، کە پیشەگەرە سەربەخۆکان تاکە بەرهەمهێنەرەکانی نێو ئەم ئابووریەن. بۆ بازاڕ بەرهەمهێنان دەکەن و بەرهەمەکانیان دەفرۆشن. بەرهەمەکانیان –بێگومان- کاڵایە و بەرهەمهێنانیشیان بەرهەمهێنانی کاڵاییە. بەڵام بەرهەمهێنانێکە سەرمایەداری نییە، هیچ نییە جگە لە **بەرهەمهێنانی کاڵایی سادە**. ئینجا بۆ ئەوەی ئابوورییەکی کاڵایی سادە بگۆڕدرێت بۆ بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، دوو مەرجی پێویستە: 1- ئامرازەکانی بەرهەمهێنان (ئامراز، ئامێر، بینا، زەوی و هتد) دەبێت ببێتە موڵکی تایبەتی چینێکی تاڕادەیەک سنوورداری سەرمایەدارە دەوڵەمەندەکان؛ 2- ئەمەش دەبێت ببێتە هۆی داڕمان و مایەپووچبوونی زۆرینەی پیشەگەرە سەربەخۆ و جوتیارەکان و گۆڕینیان بۆ کرێکاری کرێگرتە.

وتمان ئابووری کاڵایی دەبێتە هۆی هەژاربوونی هەندێک و دەوڵەمەندبوونی هەندێکی تر. هەر ڕێک ئەمەش بوو کە ڕوویدا. زۆرینەی پیشەگەرە سەربەخۆکان و وەستا بچووکەکان لە هەموو جیهاندا داڕمان، هەژارترینیان ناچار بوون کەرەستەکانیان بفرۆشن و لە "وەستا"ـەوە بین بە "مرۆڤ"ی سادە، کە جگە لە هێزی بازوویان هیچی تریان نەبوو. بەڵام دەوڵەمەندەکانیان، سامانیان زیادیکرد، بۆیە وەرشەکانیان

ئاوەدانکردەوە و فراوانتریان کرد، ئامێری نوێیان هێنایە ئاراوە و کرێکاری زیاتریان دامەزراند. بە واتایەکی تر لە خاوەن کارگەوە بوون بە خاوەنکار.

بەتێپەڕبوونی کات، هەرچی پێویست بوو بۆ بەرهەمهێنان، کەوتە دەستی دەوڵەمەندەکانەوە: باڵەخانەی کارگەکان، ئامێرەکان، کەرەستە خاوەکان، کۆگاکان، شوێنەکانی نیشتەجێبوون، کارخانەکان، کانەکان، هێڵەکانی شەمەندەفەر، کەشتییە بازرگانییەکان، زەوییەکان – بەکورتی، هەموو ئامرازەکانی بەرهەمهێنان. هەموو ئەم ئامرازی بەرهەمهێنانەش بوون بە خاوەندارێتیی تایبەتی چینی سەرمایەدار و لەلایەن ئەوانەوە دەستیان بەسەردا گیرا.

**کەمینەی دەوڵەمەند خاوەنی هەموو شتێکن. زۆرینەی هەژاریش خاوەنی هیچ نین جگە لە بازوویان. کەواتە، دووەم تایبەتمەندیی سیستەمی سەرمایەداری بریتییە لە دەستبەسەرداگرتنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەلایەن چینی سەرمایەدارەوە.**

## کرێکاری کرێگرتە

ئەو ژمارە زۆرەی خەڵک کە لە هەموو موڵک و ماڵێک بێبەش بوون، بوونە کرێکاری کرێگرتەی سەرمایە. ئایا ئەو جوتیار و پیشەگەرە هەژارانە هیچ ڕێگایەکی تریان لەبەردەستدابوو؟ نەخێر. یان دەبوایە وەک کرێکاری کشتوکاڵی کاری بۆ خاوەن زەوییە سەرمایەدارەکە بکردایە، یان دەبوایە بچێتە خوارەوە بۆ شار و لە وەرشە یان کارگەیەکدا بەدوای کاردا بگەڕێت. هیچ ڕێگەیەکی تریان لەبەردەستدا نەبوو. ئەمەیە ڕەچەڵەکی کاری کرێگرتە. کاری کرێگرتەش سێهەم تایبەتمەندیی سیستەمی سەرمایەدارییە.

## کاری کرێگرتە چییە؟

لە ڕابردووی دووردا کۆیلە و سەپان هەبوون. هەر سەپان و کۆیلەیەک کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرا. خاوەنکۆیلە و ئاغاکان، وەک موڵکێکی تایبەت، خاوەنی مرۆڤ بوون، بە پێست و قژ و قۆڵ و قاچیانەوە. خاوەنکۆیلە، وەکچۆن ئەکرێ لە کاتی سەرخۆشیدا کورسییەک بشکێنێت، ئاوا بە ئاسایی بە قامچی لە کۆیلەکانی دەدا و دەیکوشتن. کۆیلە یان سەپان بە موڵکی جوڵاو دادەنرا. لە نێو ڕۆمەکاندا، موڵکی ئاغایەک- واتە هەموو ئەو شتانەی کە پێویستن بۆ بەرهەمهێنان- بەسەر سێ بەشدا دابەش دەکرا: "ئامرازی بێزمان" (شتەکان)، "ئامرازی نیمچە قسەکەر" (واتە ئاژەڵ، مەڕ، مانگا و هتد) (بە کورتی ئاژەڵی قسەنەزان) و "ئامرازی قسەکەر" (واتە کۆیلە، مرۆڤ). گاسن و گا و کۆیلە، وەک یەک ئامرازبوون بەدەستی ئاغاوە، دەیکڕین و دەیفرۆشتن، گەر ئارەزووی بکردایە خراپ بەکاریانی دەهێنا، یان لەناوی دەبردن.

کرێکاری کرێگرتە کڕین و فرۆشتنی پێوە ناکرێت. بەڵام **هێزی کاری کرێگرتە** کڕین و فرۆشتنی پێوەدەکرێت، ئەگەرچی خودی پیاوەکە یان ژنەکە ناکڕدرێت و نافرۆشرێت. توانای کارکردن دەکڕدرێت

و دەفرۆشرێت، بەڵام کرێکاری کرێگرتە وەک خۆی ئازادە. خاوەن کارگەکە ناتوانێت لە دیوەخانەکەیدا بە قامچی لێیدات، بە دراوسێکەی بفرۆشێت یان لەگەڵ سەگێکدا بیگۆڕێتەوە، وەک ئەوەی لە سەردەمی کۆیلایەتیدا ڕوویداوە. کرێکاری کرێگرتە تەنها دەکرێ بەکرێ بگیرێت. کرێکار لە ڕواڵەتدا لەگەڵ سەرمایەداردا یەکسانە. خاوەن کارگەکە پێی دەڵێت: "ئەگەر ناتەوێت کار بکەیت مەیکە، کەس ناچارت ناکات". ئەمەش بەو مانایە دێت کە خاوەنکار چاکە لەگەڵ کرێکاردا دەکات کاتێک کاری بۆ دابین دەکات و خۆراکی دەدات.

لەڕاستیدا کرێکار و سەرمایەدار هیچکات یەکسان نین. کرێکار کۆیلەی برسێتییە. برسێتی ناچاری دەکات خۆی بەکرێ بدات. برسێتی ناچاری دەکات هێزی کاری خۆی بفرۆشێت. کرێکار هیچ چارێکی تری نییە، هیچ ڕێگایەکی تری نییە. کرێکار ناتوانێت تەنها بە پشتبەستن بە هێزی بازووی خۆی بەرهەمێک بەرهەم بێنێت. کەس هەیە بتوانێت ئاسن بتوێنێتەوە و ڕستن و چنین بکات و شەمەندەفەر دروستبکات و پێویستی بە ئامێر و ئامراز نەبێت؟ جگەلەوەش، زەوی بۆتە خاوەندارێتیی تایبەت، هیچ پارچە زەوییەک نییە کە بەکەڵکی پرۆژەیەک بێت کەسێک خاوەنی نەبێت. ئازادیی کرێکار لە فرۆشتنی هێزی کارەکەی، ئازادیی سەرمایەدار لە کڕینی، و یەکسانیی نێوان کرێکار و سەرمایەدار! نە ئەمە ئازادییە نە ئەوەش یەکسانی. ئەوە قوفڵ و زنجیری برسێتییە کرێکار ناچار دەکات کار بۆ سەرمایەدار بکات.

کرۆکی کاری کرێگرتە بریتییە لە فرۆشتنی هێزی کار، واتە کردنی هێزی کار بە کاڵا. لە سەردەمی ئابووریی کاڵایی سادەدا، لە بازاڕدا شیر و نان و قوماش و پێڵاو و شتی تری لەو جۆرەت دەبینی دانراون بۆ فرۆشتن، بەڵام  هێزی کارت نەدەبینی. هێزی کار بۆ فرۆشتن نەبوو. خاوەنی هێزی کار، کە پیشەگەرێکی سەربەخۆ بوو، خاوەنی ماڵێکی بچووکی خۆی ئامرازەکانی و هێزی کارەکەی بوو. کاری بۆخۆی دەکرد، خۆی دەزگاکەی بەڕێوەدەبرد، هێزی کاری خۆیشی لەم پێناوەدا بەکاردەهێنا.

بەڵام لە سەردەمی سەرمایەداریدا مەسەلەکە تەواو جیاوازە. کرێکار چیتر خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان نییە، نایشتوانێت هێزی کاری خۆی بۆ بەڕێوەبردنی کارێکی تایبەت بە خۆی بەکاربێنێت. ئەگەر دەیەوێت نەمرێت لە برسا، دەبێ هێزی کاری خۆی بە سەرمایەدار بفرۆشێت. هەر بۆیە، لەپاڵ ئەو بازاڕانەی کە تێیدا لۆکە و پەنیر و ئامێر دەفرۆشرێت، بازاڕی کار هەن کە تێیدا پرۆلیتار -واتە کرێکار- هێزی کاری خۆی دەفرۆشێت.

**جیاوازیی نێوان ئابووریی سەرمایەداری و ئابووریی بازاڕی سادە ئەوەیە لە ئابووریی سەرمایەداریدا هێزی کاریش بۆخۆی دەبێتە کاڵا. بەمجۆرەش، سێهەم تایبەتمەندیی سیستەمی سەرمایەداری ئەوەیە لەنێویدا کاری کرێ هەیە.**

**هەلومەرجی بەرهەمهێنان لە سایەی سەرمایەداریدا**

تائێستا بەوە گەشتووین کە سیستەمی سەرمایەداری سێ تایبەتمەندیی هەیە: بەرهەمەکان ئاڕاستەی بازاڕ دەکرێن (بەرهەمهێنانی کاڵایی)، ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەژێر دەستی چینی سەرمایەداردایە، کاریش بەکرێیە، واتە کار بەرئەنجامی فرۆشتنی هێزی کارە.

ئەم تایبەتمەندییانە پرسیارێک بەدوای خۆیدا دێنێت: پەیوەندیی نێوان ئەو تاکانەی کە لەناو پرۆسەی بەرهەمهێنان و دابەشکردندا کار دەکەن، چۆنە؟ کاتێک دەڵێین "بەرهەمهێنانی کاڵایی" و "بەرهەمهێنان بۆ بازاڕ"، مەبەستمان چییە؟ مەبەستمان ئەوەیە تاکەکان کار بۆ یەکتری دەکەن، بەڵام هەریەکیان لە دەزگاکەیدا کار بۆ بازاڕ دەکات بێئەوەی پێشوەختە بزانێت کێ کاڵاکەی لێدەکڕێت. با وادانێین پیشەگەرێک هەیە ناوی جۆنە، جوتیارێکیش هەیە ناوی جۆرجە. جۆنی پیشەگەر پێڵاو دروستدەکات، پێڵاوەکانی دەباتە بازاڕ و دەیفرۆشێت بە جۆرج. ئینجا جۆن بەو پارەی کە بەرامبەر بە پێڵاوەکان لە جۆرجی وەردەگرێت، لەلای جۆرجی جوتیار بڕێک نان دەکڕێت. کاتێک کە جۆن چوو بۆ بازاڕ نەیدەزانی چاوی بە جۆرج دەکەوێت. ئەوان هەردووکیان بە سادەیی بۆ بازاڕ چوون. کاتێک کە ئەمیان پێڵاوی کڕی و ئەویان نانی کڕی، هەریەکیان کاریان بۆ ئەوی دیکەیان کرد، بەڵام بێئەوەی لەوێدا بەوە بزانن، چونکە ژاوەژاوی بازاڕ ئەوە لەبیری خەڵک دەباتەوە کە لە ڕاستیدا ئەوان کار بۆ یەکتری دەکەن و بەبێ ئەوە ناژین. لە سایەی ئابووریی کاڵاییدا، مرۆڤەکان کار بۆ یەکتر دەکەن، بەڵام بەشێوازێکی پشێوو و نارێکوپێک، بەجۆرێک کە هەموویان دابڕاون لەوانیتر و نازانن چەندە پێویستیان بە یەکترە. تاکەکان –لەسایەی بەرهەمهێنانی کاڵاییدا- پەیوەندییەکی هاوبەش پێکەوە گرێیان دەدات، پەیوەندییەک کە ئێستا ڕوونی دەکەینەوە.

لەڕاستیدا کاتێک کە باسی "دەستبەسەرداگرتنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان" و "کاری کرێ" دەکەین، باس لە پەیوەندیی نێوان تاکەکان دەکەین. مەبەست چییە لە مۆنۆپۆڵ یان "دەستبەسەرداگرتن"؟ دەستبەسەرداگرتن واتە کۆمەڵێک کەس کار بە ئامرازگەلێکی بەرهەمهێنان دەکەن کە هی خۆیان نییە و هی خەڵکی ترە. دەستبەسەرداگرتن واتە کرێکاران ملکەچی ئەوانەن کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیان بەدەستە، واتە ملکەچی سەرمایەدارەکانن. بە واتایەکی تر، هێشتا خەریکین وەڵام بەم پرسیارە دەدەینەوە: پەیوەندیی نێوان ئەو تاکانەی کە کاڵا بەرهەم دێنن چۆنچۆنە؟ پەیوەندیی نێوان تاکەکان لەنێو پرۆسەی بەرهەمهێناندا پێی دەوترێت **پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان**.

پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بەپێی تێپەڕبوونی کات گۆڕاوە. لە ڕابردووی دووردا، ئەوکاتەی کە مرۆڤەکان لە کۆمەڵگەی بچووکدا دەژیان، پەیوەندیی هاوڕێیانە لەنێویاندا بوو (پێکەوە دەچوون بۆ ڕاو و تیرهاوێشتن و لێکردنەوەی بەروبووم) هەرچییان بەدەستکەوتایە بەهاوبەشی لەنێو خۆیاندا دابەشیان دەکرد. ئەمە جۆرێکی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بوو، جۆری دوای ئەوەش پەیوەندیی بەرهەمهێنانی سەردەمی کۆیلایەتی بوو. لەسایەی سەرمایەداریدا، جۆری سێهەمی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان

سەرهەڵدەدات. کەواتە چەندین جۆر پەیوەندیی بەرهەمهێنان هەیە. بەم پەیوەندییانەی بەرهەمهێنانیش دەوترێت **سیستەمە ئابوورییەکانی کۆمەڵگا**، یان **میتۆدەکانی بەرهەمهێنان.**

**کەواتە "پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری" و "کۆمەڵگای جۆری سەرمایەداری" و "شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری"، گوزارشت لە پەیوەندیی نێوان تاکەکان دەکەن لە سایەی ئابوورییەکی کاڵاییدا کە بەوە دەناسرێتەوە ژمارەیەکی کەمی سەرمایەدار دەستیان بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا گرتووە و چینی کرێکاریش ناچارن هێزی کاری خۆیان بفرۆشن.**

## ئیستیغلالکردنی هێزی کار

بۆچی سەرمایەدارەکان کرێکاران بە کرێ دەگرن؟ هەموومان دەزانین هۆکارەکە ئەوە نییە خاوەن کارگەکان بیانەوێت کرێکارە برسییەکان تێربکەن، بەڵکو ئەوەیە دەیانەوێت لەڕێی ئەوانەوە قازانج بکەن. لەبەر قازانجە کە خاوەنی کارگە کارگەیەک دەکاتەوە. هەر لەبەر قازانجیشە کە کرێکار بەکرێ دەگرێت. لە پێناوی قازانجدا، هەمیشە بەدوای ئەوەوەیە بزانێت نرخەکان لە کوێ بەرزن. قازانج لەپشتی هەموو حساباتەکانیەوەیەتی. ئەمە هاوکات تایبەتمەندییەکی سەرنجڕاکێشی کۆمەڵگەی سەرمایەدارییشە. ئاخر کۆمەڵگە خۆی ئەو شتانە بەرهەم ناهێنێت کە پێویست و بەسوودن بۆی؛ لەبری ئەوە، چینی سەرمایەدار کرێکاران ناچار دەکات ئەو شتانە بەرهەم بهێنن کە پارەی زیاتریان تێدا پەیدا دەبێت، ئەو شتانەی کە سەرمایەدارەکان گەورەترین قازانجی تیا دەکەن. بۆ نموونە، ویسکی مادەیەکی زۆر زیانبەخشە، بە گشتییش خواردنەوە کحولییەکان دەبێت تەنها بۆ مەبەستی تەکنیکی و بۆ بواری پزیشکی بەرهەم بهێنرێن. بەڵام لە سەرانسەری جیهاندا، سەرمایەدارەکان بە هەموو توانایانەوە کحول بەرهەم دەهێنن. بۆچی؟ چونکە مەستکردنی خەڵک زۆر قازانجبەخشە.

ئێستا ئیتر دەبێت بە تەواوی ئەوە ڕوونبکەینەوە کە قازانج چۆن دروست دەبێت. بۆ ئەم مەبەستە دەبێت بە وردی پرسیارەکە شیبکەینەوە. سەرمایەدار قازانج بە شێوەی پارە وەردەگرێت، کاتێک ئەو کاڵایانە دەفرۆشێت کە لە کارگەکەی بەرهەم هێنراون. چەند پارە بۆ کاڵاکانی بەدەست دەهێنێت؟ ئەوە بەندە بە نرخەکەیەوە. پرسیاری داهاتوو ئەوەیە، نرخ چۆن دیاری دەکرێت، یان بۆچی کاڵایەک نرخی بەرزە و یەکێکی دیکە نرخی نزمە؟ ئاسانە لەوە تێبگەین کە ئەگەر لە هەر لقێکی بەرهەمهێناندا، ئامێری نوێ بەکاربهێنرێت و کار بە باشی ئەنجام بدرێت (یان، وەک دەڵێن، زۆر بەرهەمدار بێت)، ئەوا نرخی کاڵاکە دادەبەزێت. ئەگەر، لە لایەکی ترەوە، بەرهەمهێنان قورس بێت، ئەگەر بڕی کاڵا بەرهەمهێنراوەکان کەم بێت، ئەگەر کار بە باشی ئەنجام نەدرێت یان بەرهەمدار نەبێت، ئەوا نرخی کاڵاکە بەرز دەبێتەوە.1

ئەگەر کۆمەڵگا بە تێکڕا کۆششێکی زۆر بەگەڕبخات بۆ بەرهەمهێنانی هەر بابەتێک، نرخی ئەو بابەتە بەرزە؛ ئەگەر بە تێکڕا کارێکی کەم پێویست بێت، نرخی بابەتەکە نزمە. لە ئەگەری کارایی مامناوەندیی بەرهەمهێناندا (واتە، کاتێک ئامێر و کەرەستە بەکارهێنراوەکان نە زۆر باشبن و نە زۆر خراپ)، بڕی کاری کۆمەڵایەتی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی کاڵایەک دەبێتە بەهای ئەو کاڵایە. کەواتە دەبینین نرخ بەندە بە بەهاوە. لە ڕاستیدا، نرخ هەندێک جار لە بەها بەرزترە و هەندێک جار نزمترە، بەڵام بۆ سادەیی لێرەدا دەتوانین وایدابنێین کە هەمان شتن.

ئێستا دەبێت ئەوەمان بیربێتەوە کە سەبارەت بە دامەزراندنی کرێکاران وتمان. دامەزراندنی کرێکار فرۆشتنی کاڵایەکی تایبەتە، کە ناوی "هێزی کار"ـە. هەر کە هێزی کار بوو بە کاڵا، ئەوەی بۆ کاڵاکانی تر دەگونجێت، بۆ هێزی کار دەگونجێت. کاتێک سەرمایەدار کرێکار دادەمەزرێنێت، یەکەمیان نرخی هێزی کارەکەی (یان، بە سادەیی، بەهای هێزی کارەکەی) بە دووەمیان دەدات. ئەم بەهایە بە چی دیاری دەکرێت؟ بینیومانە کە بەهای هەموو کاڵاکان بە بڕی کارێک دیاری دەکرێت کە بۆ بەرهەمهێنانیان خەرج کراوە. هەمان شت بۆ هێزی کاریش ڕاستە.

بەڵام، مەبەستمان لە بەرهەمهێنانی هێزی کار چییە؟ هێزی کار لە کارگەیەکدا بەرهەم ناهێنرێت، وەک قوماش، بۆیاخ، یان ئامێر. کەواتە ئەمەیان چۆن شیبکەینەوە؟ بۆ ئەوەی لەمە تێبگەین، تەنها سەیرکردنی ژیانی هاوچەرخ لەسایەی سەرمایەداریدا بەسە. با وا دابنێین کە کرێکاران تازە کاری ڕۆژانەیان تەواو کردووە. ماندوون، هەموو وزەی ژیانیان بەکارهێنراوە، ناتوانن چیتر کار بکەن. هێزی کارەکەیان بە کردەوە بەتاڵ بووە. چی پێویستە بۆ گەڕاندنەوەی؟ خۆراک، پشوو، خەو، چاکبوونەوە؛ بەمە هێز دەگەڕێتەوە. پاشان توانای کارکردن دووبارە دەردەکەوێت؛ پاشان، جارێکی تر، هێزی کار بەرهەمدێتەوە. ئەمە واتای ئەوەیە کە خۆراک، جلوبەرگ و شوێنی نیشتەجێبوون —واتە پێداویستییەکانی کرێکار—هێزی کار بەرهەمدێنن. کاتێکیش مەسەلەکە پەیوەستە بە کرێکاری شارەزا و پیشەگەرەوە، هەندێ شتی زیادەی تر دەبێت لەبەرچاو بگیرێن، وەک خەرجی مەشق و ڕاهێنان و هتد.

هەموو شتێک کە چینی کرێکار دەیخوات بۆ گەڕاندنەوەی هێزی کارەکەی، بەهای هەیە. لەبەر ئەم هۆکارە، بەهای بابەتەکانی خواردن و خەرجی مەشق و ڕاهێنان بەهای هێزی کار پێکدەهێنن. کاڵا جیاوازەکان بەهای جیاوازیان هەیە. بە هەمان شێوە، هەر جۆرە هێزێکی کار بەهای تایبەتی خۆی هەیە. هێزی کاری وشەسازێک بەهایەکی هەیە، هێزی کاری کرێکارێکی بێئەزموون بەهایەکی دیکەی هەیە.

با ئێستا بگەڕێینەوە سەر کارگە. سەرمایەدار کەرەستەی خاو، سووتەمەنی، ئامێر، ڕۆن و پێداویستییەکانی تر دەکڕێت؛ پاشان هێزی کار دەکڕێت، "کرێکار دادەمەزرێنێت". پارەی هەموو شتێک بە نەختینە دەدات. کاری بەرهەمهێنان دەست پێدەکات. کرێکاران کار دەکەن، چەرخەکان دەسوورێنەوە، سووتەمەنی دەسووتێت، ڕۆن بەکاردەهێنرێت، بیناکانی کارگە تووشی داخوران دەبن،

هێزی کار بەگەڕدەخرێت. لە ئەنجامدا، کاڵایەکی نوێ لە کارگەوە دەردەچێت. کاڵاکە، وەک هەموو کاڵاکان، بەهای هەیە. ئەم بەهایە چییە؟ پێش هەموو شتێک، کاڵاکە بەهای ئەو ئامرازانەی بەرهەمهێنانی وەرگرتووە کە بەکارهێنراون؛ ئەوەی تێیدا بەکارهاتووە – کەرەستەی خاو، سووتەمەنی بەکارهێنراو، بەشە داخوراوەکانی ئامێرەکان، و هتد. هەموو ئەمانە ئێستا گۆڕاون بۆ بەهای کاڵاکە. لە پلەی دووەمدا، کاری کرێکاران چۆتە سەر کاڵاکە. ئەگەر کرێکارەکان 80 کەس بووبن، و ئەگەر لە بەرهەمهێنانی کاڵاکەدا هەر یەکەیان 30 کاتژمێر کاری کردبێت، ئەوا بە گشتی 900 کاتژمێری کار بەگەڕخراوە. کەواتە بەهای کۆتایی بەرهەمەکە بەرئەنجام و کۆکراوەی بەهای کەرەستە بەکارهێنراوەکان و (با وا دابنێین کە بەهای ئەمە هاوتای 600 کاتژمێرە) ئەو بەها نوێیەیە کە کرێکاران بە کارەکەیان سەرباریان کردووە، کە دەکاتە 900 کاتژمێر. کەواتە کۆی گشتی 600 + 900 = 1,500 کاتژمێری کارە.

بەڵام کاڵاکە چەند لەسەر سەرمایەدار کەوت؟ بۆ کەرەستەی خاو بە تەواوی پارەی دا؛ واتە، بڕێک پارەی دا کە هاوتای بەهای 600 کاتژمێری کار بوو. بەڵام بۆ هێزی کار چی دا؟ ئایا پارەی هەموو 900 کاتژمێرەکەی دا؟ ئەمەیە کلیلی مەتەڵەکە. بەپێی گریمانەکەمان، ئەو بەهای تەواوی ئەو هێزی کارەی داوە کە بۆ ڕۆژانی کارکردن بەگەڕیخستوون. ئەگەر 80 کرێکار 30 کاتژمێر کاریان کردبێت، سێ ڕۆژ و هەر ڕۆژێک 10 کاتژمێر، خاوەن کارگە بڕێک پارەی پێدابن کە پێویست بووبێت بۆ گەڕاندنەوەی هێزی کارەکەیان لەو ڕۆژانەدا. ئەم بڕە چەند بووە؟ وەڵامەکە ڕوونە؛ زۆر کەمتر بووە لە 900. بۆچی؟ چونکە بڕی کارێک کە پێویستە بۆ گەڕاندنەوەی هێزی کارەکەم یەک شتە، لەکاتێکدا بڕی کارێک کە دەتوانم خەرجی بکەم شتێکی ترە. من دەتوانم 10 کاتژمێر لە ڕۆژێکدا کار بکەم. بۆ دابینکردنی خۆراک، جلوبەرگ، و هتد، پێداویستییە ڕۆژانەییەکانی من بڕێک شتومەکن کە کۆی بەهایان یەکسانە بە 5 کاتژمێر. واتە، من دەتوانم کاری زیاتر بکەم لەو کارەی کە پێویستە بۆ گەڕاندنەوەی هێزی کارەکەم. لە نموونەکەماندا، کرێکاران، با بڵێین، بە شێوەی خۆراک، جلوبەرگ، و هتد، لە ماوەی سێ ڕۆژدا، کاڵا بە بەهای 450 کاتژمێری کار دەخۆن؛ بەڵام 900 کاتژمێر کار دابین دەکەن. بۆ سەرمایەدار 450 کاتژمێر دەمێنێتەوە؛ ئەمە سەرچاوەی قازانجەکەیەتی. لە ڕاستیدا، کاڵاکە وەک بینیمان، 600 + 450 = 1050 کاتژمێری لە سەرمایەدار گرتووە؛ بەڵام بە بەهای 600 + 900 = 1500 کاتژمێر دەیفرۆشێت؛ 450 کاتژمێر بەهای زیادەیە کە بەهۆی هێزی کارەوە دروست کراوە. ئەنجامەکەی ئەوەیە کە بۆ نیوەی کاتی کارکردنیان (واتە بۆ 5 کاتژمێر لە ڕۆژێکی دە کاتژمێریدا) کرێکاران کار دەکەن بۆ گەڕاندنەوەی ئەوەی کە بۆ خۆیان بەکاریان هێناوە؛ بەڵام لە نیوەکەی تری ڕۆژدا بە تەواوی بۆ سەرمایەدار کار دەکەن.

با ئێستا کۆمەڵگە بە گشتی لەبەرچاو بگرین. ئەوەی تاکە خاوەن کارگەیەک یان تاکە کرێکارێک دەیکات، زۆر گرنگ نییە. ئەوەی گرنگە پێکهاتەی ئەو ئامێرە گەورەیەیە کە بە پێی دەوترێت کۆمەڵگەی سەرمایەداری. چینی سەرمایەدار چینی کرێکار دادەمەزرێنێت، کە ئەمەی دووەمیان ژمارەیەکی یەجگار

گەورەیە. لە ملیۆنان کارگەدا، لە کانەکان و قوڕخانەکاندا، لە دارستان و کێڵگەکاندا، سەدان ملیۆن کرێکار وەک مێرووله کار دەکەن. سەرمایە کرێیان پێدەدات، بەهای هێزی کارەکەیان پێدەدات، هێزێک کە بەردەوام بۆ خزمەتی سەرمایە نوێی دەکەنەوە. بە کارەکەی، چینی کرێکار نەک تەنها کرێی خۆی دەدات، بەڵکو داهاتی چینەکانی سەرەوەش دروست دەکات، بەهای زیادە دروست دەکات. لە ڕێگەی هەزاران ڕێچکەوە، ئەم بەهای زیادەیە دەڕژێتە گیرفانی چینی دەسەڵاتدار. بەشێک دەچێتە بۆ سەرمایەدار خۆی، بە شێوەی قازانجی خاوەنکار؛ بەشێک دەچێتە بۆ خاوەن زەوی؛ بە شێوەی باج، بەشێک دەچێتە خەزێنەکانی دەوڵەتی سەرمایەداری؛ بەشەکانی دیکە دەچن بۆ بازرگانان، ساخکەرەوەکان، و دوکاندارەکان، بەشێکیشی لە کڵێسا و لە لەشفرۆشخانەکاندا، بۆ پشتگیری ئەکتەران، هونەرمەندان، نووسەرانی بۆرژوازی، و هتد خەرج دەکرێن. هەموو ئەو مشەخۆرانەی کە سیستەمی سەرمایەداری بەرهەمی هێناون، لەسەر ئەم بەهای زیادەیە دەژین.

بەڵام، بەشێک لە بەهای زیادە دووبارە لەلایەن سەرمایەدارەکانەوە بەکاردەهێنرێتەوە. ئەوان ئەمە بۆ سەرمایەکەیان زیاد دەکەن و گەشە بە سەرمایەکەیان دەدەن. پڕۆژەکانیان فراوان دەکەن. کرێکاری زیاتر دادەمەزرێنن. ئامێری باشتر دادەنێن. ژمارەی زیادبووی کرێکاران بڕێکی گەورەتر لە بەهای زیادەیان بۆ بەرهەم دەهێنێت. پڕۆژە سەرمایەدارییەکان هەمیشە گەورەتر دەبن. بەم شێوەیە لە هەر سووڕانەوەیەکی کاتدا، سەرمایە بەرەو پێش دەچێت و بەهای زیادە کۆدەکاتەوە. بە ئیستیغلالکردنی بەهای زیادەی چینی کرێکار، بە چەوساندنەوەی کرێکاران، سەرمایە بە بەردەوامی قەبارەی گەورەتر دەبێت.

## سەرمایە

ئێستا بە ڕوونی دەبینین سەرمایە چییە. پێش هەموو شتێک، بەهایەکی دیاریکراوە: لەوانەیە بە شێوەی پارە بێت؛ لەوانەیە بە شێوەی ئامێر، کەرەستەی خاو، یاخود بینای کارگە؛ لەوانەیە لە شێوەی کاڵایەکی تەواوەتی بێت. هەرکامیان بێت، بەهایەکە خزمەت بە بەرهەمهێنانی بەهای نوێ دەکات، بۆ بەرهەمهێنانی بەهای زیادە. سەرمایە بەهایەکە کە بەهای زیادە بەرهەم دەهێنێت. بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەرهەمهێنانی بەهای زیادەیە.

لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، ئامێر و بینای کارگە شێوەی سەرمایە وەردەگرن. بەڵام ئایا ئامێر و بیناکان هەمیشە شێوەی سەرمایە وەردەگرن؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر. ئەگەر کۆمەڵگە هەرەوەزکارییەکی خۆبژێو بێت و هەموو شتێک بۆ خۆی بەرهەم بهێنێت، ئەوکات نە ئامێر و نە کەرەستەی خاو سەرمایە نین، چونکە ئەوان ئامرازێک نابن بۆ دروستکردنی قازانج بۆ گرووپێکی بچووکی کەسانی دەوڵەمەند. واتە، ئامێر، بۆ نموونە، تەنها کاتێک دەبێتە سەرمایە کە موڵکی تایبەتی چینی سەرمایەدار بێت، کاتێک کە بۆ

ئیستیغلالکردنی کاری کرێ بەگەڕدەخرێت، کاتێک خزمەت بە بەرهەمهێنانی بەهای زیادە دەکات. شێوەی بەها لێرەدا گرنگ نییە. بەها لەوانەیە بە شێوەی دراوی زێڕ یان پارەی کاغەز بێت، کە سەرمایەدار ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و هێزی کاری پێدەکڕێت. لەوانەیە بە شێوەی ئامێرەکان بێت کە کرێکاران کاریان پێدەکەن؛ یان لە شێوەی ئەو کەرەستە خاوانە بن کە کاڵایان لێ دروست دەکرێت؛ یان بابەتە تەواوکراوەکان کە دواتر دەفرۆشرێن. بەڵام، ئەگەر ئەم بەهایە خزمەت بە بەرهەمهێنانی بەهای زیادە بکات، ئەوا سەرمایەیە.

ئەمە یاسایە و دەبێ بیزانین: سەرمایە بە بەردەوامی شێوەی نوێ وەردەگرێت. ئێستا با لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی ڕوودانی ئەم گۆڕانکارییانە بکەین.

یەکەم: سەرمایەدار هێشتا هێزی کار یان ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی نەکڕیوە. بەڵام، ئارەزووی دامەزراندنی کرێکاران دەکات، بۆ دابینکردنی ئامێر، بۆ بەدەستهێنانی باشترین کوالیتی کەرەستەی خاو، بۆ دابینکردنی بڕێکی پێویست لە خەڵوز، و هتد. تا ئێستا، ئەو جگە لە پارە هیچ شتێکی نییە. لێرەدا سەرمایەیەکمان هەیە بە شێوەی نەختینەیی.

دووەم: بەم بڕە پارەیە سەرمایەدار ڕێگەی بازاڕ دەگرێتەبەر – بێگومان خۆی نا، چونکە تەلەفۆن، تەلەگراف، و سەد خزمەتکاری هەیە. لێرەدا کڕینی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و هێزی کار ڕوودەدات. سەرمایەدار بەبێ پارە دەگەڕێتەوە بۆ کارگە، بەڵام کرێکار و ئامێر و کەرەستەی خاو و سووتەمەنی لەگەڵ خۆی هێناوەتەوە. ئەم شتانە ئێستا چیتر کاڵا نین. چیتر کاڵا نین؛ بۆ فرۆشتن نین. پارەکە گۆڕاوە بۆ ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و هێزی کار. سەرمایەکە پۆشاکی پارەیی فڕێدراوە؛ شێوەی سەرمایەی پیشەسازی وەرگرتووە.

ئێستا کار دەست پێدەکات. ئامێرەکان دەخرێنە گەڕ، چەرخەکان دەسووڕێن، دەستگرەکان دەچنە پێش و دوا، کرێکاران ئارەق دەڕێژن، ئامێرەکان تووشی داخوران دەبن، کەرەستەی خاو بەکاردەهێنرێن، هێزی کار ماندوو دەبێت.

سێیەم: پاشان، هەموو کەرەستە خاوەکان، داخورانی ئامێرەکان، هێزی کار، بە شێوەیەکی لەسەرخۆ دەگۆڕێن بۆ کۆمەڵێک کاڵا. بەم شێوەیە سەرمایەکە شێوەیەکی نوێ وەردەگرێت؛ وێنەکەی لە کارگە نامێنێت و شێوەی بڕێک کاڵا وەردەگرێت. ئێستا سەرمایەیەکمان هەیە بە شێوەی کاڵا. بەڵام ئێستا، کاتێک بەرهەمهێنان تەواو بووە، سەرمایەکە نەک تەنها پۆشاکەکەی گۆڕیوە، بەهایەکەشی زیادی کردووە، چونکە لە کاتی بەرهەمهێناندا بەهای زیادەی چۆتەسەر.

چوارەم: لە بەرهەمهێناندا، ئامانجی سەرمایەدار دابینکردنی کاڵا نییە بۆ بەکارهێنانی خۆی، بەڵکو بەرهەمهێنانی کاڵایە بۆ بازاڕ، بۆ فرۆشتن. ئەوەی لە کۆگاکەی هەڵگیراوە، دەبێت بفرۆشرێت. لە سەرەتادا سەرمایەدار وەک کڕیارێک چوو بۆ بازاڕ. ئێستا دەبێت وەک فرۆشیارێک بچێتە ئەوێ. لە

سەرەتادا پارەی لە دەستدا بوو، دەیویست کاڵا (ئامرازەکانی بەرهەمهێنان) بکڕێت. ئێستا کاڵا لە دەستیدایە، دەیەوێت پارە بەدەست بهێنێت. کاتێک ئەم کاڵایانە دەفرۆشرێن، سەرمایە لە شێوە کاڵاییەکەیەوە باز دەداتەوە بۆ شێوەی پارەییەکەی خۆی. بەڵام بڕی ئەو پارەی کە سەرمایەدار وەریدەگرێت جیاوازە لەو بڕەی کە لە سەرەتادا خەرجی کردووە، چونکە بڕی تەواوی زێدەباییەکە گەورەترە.

بەڵام ئەمە کۆتایی بە جووڵەی سەرمایە ناهێنێت. سەرمایە گەورەبووەکە جارێکی تر دەخرێتەوە گەڕ و بڕێکی گەورەتر لە بەهای زیادە بەدەست دەهێنێت. ئەم بەهای زیادەیە بەشێکی دەخرێتە سەر سەرمایە، و سووڕێکی نوێ دەست پێدەکات. سەرمایە وەک تۆپێکی بەفر دەسوڕێتەوە، و لە هەر سووڕانەوەیەکدا بڕێکی گەورەتر لە بەهای زیادەی پێوە دەنووسێت. لە ئەنجامدا بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بە بەردەوامی فراوان دەبێت.

بەم شێوەیە سەرمایە بەهای زیادە لە چینی کرێکار هەڵدەمژێت و لە هەموو شوێنێک دەسەڵاتی خۆی بڵاو دەکاتەوە. تایبەتمەندییەکانی، هۆکاری گەشە خێراکەیەتی. چەوساندنەوەی چینێک لەلایەن چینێکی ترەوە لە ڕۆژگاری پێشوودا ڕوویداوە. بۆ نموونە، خاوەن زەوییەک لە سەردەمی کۆیلایەتی، یان خاوەن کۆیلەیەک لە سەردەمی کۆندا. ئەوان لەسەر پشتی کۆیلەکانیان دەژیان. بەڵام هەموو ئەوەی کە کرێکاران بەرهەمیان دەهێنا، خاوەن زەوییەکان و خاوەن کۆیلەکان دەیانخوارد و دەیانخواردەوە و دەیانپۆشی – هەڵبەت هەم خۆیان، هەم خزمەتکار و لایەنگرە زۆرەکانیان. لەو کاتەدا بەرهەمهێنانی کاڵا زۆر کەم بوو. بازاڕ نەبوو. ئەگەر خاوەن زەوییەکە یان خاوەن کۆیلەکە کۆیلەکانی ناچار کردبا بڕێکی زۆر نان، گۆشت، ماسی، و هتد بەرهەم بهێنن، هەمووی دەڕزی و خراپ دەبوو. بەرهەمهێنان سنووردار بوو، تەنیا بۆ تێرکردنی پێداویستییە ئاژەڵییەکانی خاوەن زەوییەکە و ماڵباتەکەی بوو. بەڵام لەسایەی سەرمایەداریدا مەسەلەکە زۆر جیاوازە. لێرەدا بەرهەمهێنان تەنیا بۆ تێرکردنی پێداویستییە دەستبەجێکان ڕوونادات، بەڵکو بۆ کەڵەکەکردنی قازانج ڕوودەدات. لەژێر سایەی سەرمایەداریدا، کاڵا بۆ فرۆشتن بەرهەم دەهێنرێت، لە پێناوی قازانجدا، بۆ ئەوەی قازانج کۆبکرێتەوە. هەرچەند قازانج گەورەتر بێت، باشترە. لەبەرئەوەیە چینی سەرمایەدار شێتانە بەدوای کەڵەکەکردنی قازانج کەوتووە. ئەم چاوچنۆکییە سنووری نییە، چەق و هاندەری سەرەکی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییە.

### دەوڵەتی سەرمایەداری

وەک بینیمان، کۆمەڵگەی سەرمایەداری لەسەر بنەمای ئیستیغلالکردنی کار بنیات نراوە. کەمینەیەکی بچووک خاوەنی هەموو شتێکن؛ جەماوەری کرێکاریش خاوەنی هیچ شتێک نین. سەرمایەدارەکان فەرمان دەکەن، کرێکاران جێبەجێی دەکەن. سەرمایەدارەکان چەوسێنەرن، کرێکاران چەوساوە. ئەم چەوساندنەوە بێبەزەییانە و هەمیشە زیادبووە، ماهییەتی کۆمەڵگەی سەرمایەداری پێکدێنێت.

**بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ئامرازێکی پراکتیکییە بۆ دروستکردنی زێدەبایی.**

بۆچی ئەم ئامرازە توانیویەتی بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بێت لە کارکردن؟ بە چ هۆکارێک کرێکاران حاڵەتێکی لەم شێوەیە قبووڵ دەکەن؟

ئەم پرسیارانە لە یەکەم نیگادا وەڵامدانەوەیان ئاسان نییە. بەڵام بە گشتی دوو هۆکار دەبنە وەڵامی ئەم پرسیارانە: یەکەم، چونکە چینی سەرمایەدار بە باشی ڕێکخراوە و بەهێزە؛ دووەم، چونکە بۆرژوازی زۆرجار مێشکی چینی کرێکار کۆنترۆڵ دەکات.

بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، باشترین ئامراز بەدەستی بۆرژوازییەوە ڕێکخراوەییەتی، کە دەوڵەتە. لە هەموو وڵاتە سەرمایەدارییەکاندا دەوڵەت تەنها یەکێتی و ڕێکخراوێکی چینی خاوەن دەسەڵاتە. تۆ سەیری هەر وڵاتێک بکە کە دەتەوێت: بەریتانیا، ویلایەتە یەکگرتووەکان، فەڕەنسا، یان ژاپۆن. لە هەموو شوێنێکدا دەبینین کە وەزیرەکان، بەرپرسە باڵاکان، ئەندامانی پەرلەمان، یان سەرمایەدارن، یان خاوەن زەوین، یان خاوەن کارگەن، یان گەورە بازرگانانی دارایین، یاخود خزمەتکار و کرێگرتەی دڵسۆزی ئەوانن — پارێزەران و بەڕێوەبەرانی بانک و مامۆستایانی زانکۆ و ئەفسەرانی سوپا و قەشەکانیش، خزمەتی سەرمایەداران دەکەن، نەک لە ترسا بەڵکو لە باوەڕیانەوە.

ئەم یەکێتییەی کە هەموو ئەو ئەندامانەی بۆرژوازی لەخۆگرتووە، یەکێتییەک کە تەواوی وڵات دەگرێتەوە و هەموو شتێک لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدایە، پێی دەوترێت دەوڵەت. ئەم خۆڕێکخستنەی بۆرژوازی دوو ئامانجی سەرەکی هەیە. یەکەمیان و گرنگترینیان بریتییە لە سەرکوتکردنی پشێوی و ڕاپەڕینەکانی کرێکاران، بۆ دڵنیابوون لە دەرهێنانی بەردەوامی زێدەبایی لە چینی کرێکار و زیادکردنی هێزی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری. ئامانجی دووەم بریتییە لە بەرەنگاربوونەوەی ڕێکخراوەکانی تری هاوشێوە (واتە، دژی دەوڵەتە بۆرژوازییەکانی تر)، بۆ ئەوەی بتوانن کێبڕکێ بکەن لەسەر بەدەستهێنانی پشکی گەورەتری زێدەبایی. بەم شێوەیە دەوڵەتی سەرمایەداری یەکێتییەکی چینی دەسەڵاتدارە، کە بۆ درێژەدان بە چەوساندنەوە و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی سەرمایە پێکهێنراوە.

دژ بەم تێڕوانینەش بۆ دەوڵەتی بۆرژوازی، دەکرێت ئەم خاڵانەی خوارەوە بوروژێنرێن.

دەڵێی کە دەوڵەت تەنها لە بەرژەوەندی سەرمایەدا بەڕێوەدەبرێت. بەڵام ئەم خاڵە لەبەرچاو بگرە. لە هەموو وڵاتە سەرمایەدارییەکاندا یاسای کارگە هەیە کە کاری منداڵان قەدەغە یان سنووردار دەکات، ڕۆژی کارکردنیش سنووردار دەکات، و هتد. بۆ نموونە لە ئەڵمانیا، لە سەردەمی ویلیامی دووەمدا، سیستەمێکی بیمەی دەوڵەتی باش هەبوو بۆ کرێکاران. لە ئینگلتەرا، وەزیری نموونەیی بۆرژوازی لۆید جۆرج یاسای بیمە و یاسای خانەنشینی بەساڵاچووانی هێنایە کایەوە. لە هەموو وڵاتە بۆرژوازییەکاندا نەخۆشخانە، دەرمانخانە، و سەنتەری چاکبوونەوە بۆ کرێکاران هەیە؛ هێڵی شەمەندەفەر دروست دەکرێن، و بەمەش هەمووان دەتوانن گەشت بکەن، دەوڵەمەند و هەژار بە یەکەوە؛ سیستەمی ئاو بۆ

دابینکردنی شارەکان دامەزراون، و هتد. ئەم شتانە بۆ خزمەتی گشتین. زۆر کەس دەڵێن، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە تەنانەت لەو وڵاتانەشدا کە سەرمایە حوکمڕانی دەکات، دەوڵەت تەنها لە بەرژەوەندی سەرمایەدا بەڕێوەنابرێت، بەڵکو گرنگی بە بەرژەوەندییەکانی کرێکارانیش دەدات. دەوڵەت لە ڕاستیدا سزای خاوەن کارگەکانیش دەدات کاتێک کە پێشێلی یاسای کارگەکان دەکەن.

ئەم بەڵگانە هەڵەن، لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە: ڕاستە کە دەسەڵاتی بۆرژوازی هەندێک جار یاسا و ڕێسای بەسوود بۆ چینی کرێکار دەردەکات، بەڵام لە بەرژەوەندی بۆرژوازیدا دەردەکرێن. با هێڵەکانی شەمەندەفەر وەک نموونە وەربگرین. کرێکاران بە شەمەندەفەر گەشت دەکەن، لەبەر ئەم هۆکارە بۆ کرێکاران بەسوودن. بەڵام بۆ کرێکاران دروست نەکراون. بازرگانان و خاوەن کارگەکان پێویستیان بە هێڵی شەمەندەفەرە بۆ گواستنەوەی کاڵاکانیان، بۆ گواستنەوەی سەربازان، بۆ گواستنەوەی کرێکاران، و هتد. سەرمایە پێویستی بە هێڵی شەمەندەفەرە، و بۆ بەرژەوەندی خۆی دروستیان دەکات. هێڵەکانی شەمەندەفەر بۆ کرێکارانیش بەسوودن، بەڵام دەوڵەتی سەرمایەداری لەبەر ئەم هۆکارە دروستیان ناکات. دووبارە، با پاککردنەوەی شارەکان، یان پاکوخاوێنی شارەکان وەک ناوی لێدەنرێت، لەبەرچاو بگرین، و با سەیری نەخۆشخانەکان بکەین. لەم حاڵەتانەدا بۆرژوازی گرنگی بە گەڕەکە کرێکارییەکان دەدات وەک ئەوانی تر. ڕاستە کە بە بەراورد لەگەڵ گەڕەکە بۆرژوازییەکان لە ناوەندی شاردا، لە گەڕەکەکانی کرێکاراندا، پیسی، وێرانکاری، نەخۆشی، و هتد دەبینین. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆرژوازی شتێک دەکات. بۆچی؟ چونکە نەخۆشی و پەتا هەندێک جار بە هەموو شاردا بڵاو دەبێتەوە، ئەگەر شتێکی لەم شێوەیە ڕوودبات، بۆرژوازییش زیانی پێدەگات. کەواتە لەم ڕووەشەوە، دەوڵەتی بۆرژوازی و ئامرازە شارستانییەکانی تەنها خەریکی پاراستنی بەرژەوەندیی بۆرژوازەکان.

با نموونەیەکی تر بێنینەوە. لە سەدەی نۆزدەهەمدا، کرێکارانی فەڕەنسا لە بۆرژوازییەوە فێری کردەی کۆنترۆڵی لەدایکبوون بوون. بە ئامرازە دەستکردەکان ڕێکیان دەخست و هەوڵیان دەدا یان هیچ منداڵێکیان نەبێت یان لە دوو منداڵ زیاتریان نەبێت. هەژاری کرێکاران لە ئاستێکی بەرزدا بوو، مەحاڵ بوو بتوانرێت خێزانێکی گەورە پەروەردە بکرێت. لە ئەنجامی ئەم کردەیەدا، دانیشتوانی فەڕەنسا لە یەک ئاستدا مایەوە و گەشەی نەکرد. بۆرژوازی فەڕەنسا کێشەی کەمی سەربازی هەبوو. ناڕەزایەتییەکی گەورە سەری هەڵدا: "میللەت لەناو دەچێت! ئەڵمانەکان خێراتر لە ئێمە زیاد دەکەن! سەربازی زیاتریان دەبێت!" وایلێهات ساڵانە ئەو کەسانەی بۆ خزمەتی سەربازی بانگ دەکران کەمتر گونجاو بوون بۆ ئەو کارە؛ باڵاکورتتر بوون، سنگیان بچووکتر بوو، لاوازتر بوون. ناچار بۆرژوازی "بەخشندەتر" بوو؛ دەستی کرد بە پێداگری لەسەر باشترکردنی بارودۆخی چینی کرێکار، بۆ ئەوەی کرێکاران بتوانن منداڵی زیاتر پەروەردە بکەن. ئاخر ئەگەر مریشکەکە بکوژیت، چیتر هێلکەت دەست ناکەوێت!

لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا، بۆرژوازی بە دڵنیاییەوە هەنگاوی بەسوودی بۆ کرێکاران ناوە؛ بەڵام تەنها لە بەرژەوەندی خۆیدا ئەوەی کردووە. بیریشمان نەچێت، بەهۆی فشاری چینی کرێکارەوە لە زۆر نموونەی

تردا ڕێوشوێنی بەسوود بۆ کرێکاران لەلایەن دەوڵەتی بۆرژوازییەوە گیراوەنەتەبەر. بەنزیکەیی، هەموو یاساکانی کارگە لە ئەنجامی هەڕەشەی کرێکارانەوە بەدەستهاتوون. لە ئینگلتەرا، یەکەم سنووردارکردنی یاسایی ڕۆژی کارکردن (بۆ 10 کاتژمێر) بەهۆی فشاری چینی کرێکارەوە هاتە کایەوە. لە ڕووسیا، حکومەتی قەیسەری لە ئەنجامی خەبات و مانگرتنی کرێکارانەوە یەکەم یاسای کارگەی دەرکرد. لەم بابەتانەدا دەوڵەت، کە لە دوژمنانی چینی کرێکار پێکدێت، پتر ڕێکخراوێکی ئابوورییە و بەرژەوەندییەکانی خۆی دەژمێرێت، و دەڵێت: "باشترە ئەمڕۆ بڕێک بدەین نەک سبەی دوو هێندە؛ باشترە کەمێک زیاتر بدەین نەک ژیانی خۆمان بخەینە مەترسییەوە." خاوەن کارگەیەک کە ملکەچی داواکارییەکانی کرێکارانی مانگرتوو دەبێت و کەمێک زیادەیان پێدەبەخشێت، لە خاوەنکارگەیی ناوەستێت؛ هەروەها دەوڵەتی بۆرژوازی بە هیچ شێوەیەک تایبەتمەندییە بۆرژوازییەکانی خۆی لەدەست نادات کاتێک بەهۆی فشاری چینی کرێکارەوە سازشێکی بچووک دەکات.

دەوڵەتی سەرمایەداری نەک تەنها گەورەترین و بەهێزترین ڕێکخراوی بۆرژوازییە؛ لە هەمان کاتدا ئاڵۆزترین ڕێکخراوەکانیشە، چونکە ژمارەیەکی زۆر بەشی لاوەکی هەیە، شاڕەگەکانی بە هەموو لایەکدا تەنیوە. ئامانجی سەرەکی هەموو ئەمانە پاراستن و پتەوکردن و فراوانکردنی چەوساندنەوەی چینی کرێکارە. دژی چینی کرێکار، دەوڵەت دەتوانێت دوو جۆر ڕێوشوێنی جیاواز بەکاربهێنێت، زۆرداری دڕندانە و ملکەچپێکردنی ڕۆحی. ئەمانە گرنگترین ئامرازەکانی دەوڵەتی سەرمایەدارین.

لەنێو دەزگا زۆردارەکانی دەوڵەتدا، سەرەتا دەبێت ئاماژە بە سوپا و پۆلیس و زیندان و دادگاکان بکرێن. پاشان دەبێت ئاماژە بۆ ئۆرگانە لاوەکییەکانی وەک سیخوڕەکان، بریکارە سەرکوتکارەکان، شکێنەرانی مانگرتنی ڕێکخراو و بکوژانی بەکرێگیراو و هتد بدرێت.

سوپای دەوڵەتی سەرمایەداری بە شێوازێکی تایبەت ڕێکخراوە. لە سەرووی هەموویانەوە دەستەی ئەفسەران، یان گروپی "پلەدارەکان". ئەمانە لە ڕیزی خانەدانە خاوەن زەوییەکان و لە چینی بۆرژوازە دەوڵەمەندەکان، و بەشێکیشیان لە ڕیزی ڕۆشنبیرانەوە (چینە پیشەییەکان) پاڵفتە دەکرێن. ئەمانە دڕندەترین دوژمنانی پرۆلیتاریان. لە منداڵییەوە لە قوتابخانەی تایبەتدا پەروەردە دەکرێن (لە ڕوسیا، لە کۆرسی کادێت و قوتابخانەی جونکەر پەروەردە دەکران)، فێرکراون چۆن لە پیاوان بدەن، چۆن "ڕێزی جلی سەربازی بگرن"، بۆئەوەی بتوانن پلەدارەکان لە ژێر دەسەڵاتی تەواودا بهێڵنەوە. ناودارترین ئەندامانی خانەدان و بۆرژوازی دەوڵەمەند، ئەگەر بچنە پیشەی سەربازی یان دەریایی، دەبنە ژەنەڕاڵ یان ئەدمیراڵ، کەسانی پلە بەرز، خاوەن نیشان و خەڵات.

ئەفسەرانیش هەرگیز لەنێو هەژارانەوە وەرناگیرێن. سەربازە ئاساییەکان لە چینی هەژارەوە وەردەگیرێن و بە تەواوی لەژێر کۆنترۆڵی ئەفسەرانی چینی سەرەوەدان. سەربازەکان بە تەواوی لەژێر کاریگەری

ژینگەکەیاندان و هەرگیز ناپرسن بۆچی دەجەنگن، تەنها گوێیان لە فەرمانەکانە. سوپایەکی لەم شێوەیە بە پلەی یەکەم بۆ کۆنترۆڵکردنی کرێکارانە.

لە ڕووسیا، سوپای قەیسەری چەندین جار بۆ سەرکوتکردنی کرێکاران و جووتیاران بەکارهێنرا. لە سەردەمی ئەلێکساندەری دووەمدا، پێش ئازادکردنی کۆیلەکان، چەندین ڕاپەڕینی جووتیاران هەبوون، هەموویان لەلایەن سوپاوە سەرکوت کران. لە ساڵی 1905دا، سوپا لە کاتی ڕاپەڕینی مۆسکۆدا کرێکارانی کوشت؛ لە ویلایەتەکانی باڵتیکدا هەڵمەتی لەسێدارەی ئەنجامدا. لە قەفقاز و سیبیریا؛ لە ساڵانی 1906-1908دا، ڕاپەڕینەکانی جووتیارانی سەرکوت کرد و موڵکی خاوەن زەوییەکانی پاراست. لە کاتی جەنگدا، سوپا کرێکارانی لە ئیڤانۆڤۆ-ڤۆزنێسێنسک، کۆسترۆما، و شوێنەکانی تر کۆمەڵکوژ کرد. ئەفسەران دڕندەترینی نێویان بوون. سوپا بیانییەکان بە هەمان شێوە هەڵسوکەوت دەکەن. لە ئەڵمانیا، سوپای دەوڵەتی سەرمایەداری بە هەمان شێوە بۆ سەرکوتکردنی کرێکاران بەکار هێنراوە. یەکەم ڕاپەڕینی دەریایی لەلایەن سوپاوە سەرکوت کرا. ڕاپەڕینەکانی کرێکاران لە بەرلین، هامبۆرگ، میونشن، لە سەرانسەری ئەڵمانیا، لەلایەن سوپاوە تێکشکێنران. لە فەڕەنسا، سوپا چەندین جار مانگرتووانی کوشتووە؛ لەم دواییانەشدا کرێکاران و ژمارەیەک سەربازی شۆڕشگێڕی ڕووسی کوشتووە. لە ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا، لەم دواییانەدا، سوپا چەندین جار ڕاپەڕینەکانی کرێکارانی ئێرلەندی، ڕاپەڕینەکانی جووتیارانی میسر، ڕاپەڕینەکانی هیندستانی تێکشکاندووە؛ لە خودی ئینگلتەرادا، سەربازان هێرشیان کردووەتە سەر کۆبوونەوە گەورەکانی کرێکاران. لە سویسرا، لە کاتی هەر مانگرتنێکدا، دەستەی چەکی قورس کۆدەکرێتەوە و سوپای سویسرا بۆ سەرکوتکاریی سەربازی بانگدەکرێن. لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، سوپا چەندین جار گەڕەکەکانی کرێکارانی سووتاندووە و ماڵەکانی تەخت کردووە (بۆ نموونە، لە کاتی مانگرتنی کۆلۆرادۆ). سوپای دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان ئەمڕۆ پێکەوە کار بۆ خنکاندنی شۆڕشی کرێکاران لە ڕووسیا، هەنگاریا، باڵکان، و ئەڵمانیا دەکەن؛ ئەوان لە سەرانسەری جیهاندا سەرکوتی ڕاپەڕینەکان دەکەن.

پۆلیس و جەندرمە. جگە لە سوپای ئاسایی، دەوڵەتی سەرمایەداری سوپایەکی تایبەتی هەیە کە لە پیاوکوژ و چەقۆکێش و سەربازە ڕاهێنراوەکان پێکهاتووە، ئەرکی تایبەتی ئەمانە داپڵۆساندنی کرێکارە. ئەم دامەزراوانە (بۆ نموونە پۆلیس) لە ڕاستیدا ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی دزی و "پاراستنی کەس و موڵکی هاوڵاتیان"یان لەسەر شانە؛ بەڵام لە هەمان کاتدا پۆلیس بۆ دەستگیرکردن و دادگاییکردن و سزادانی کرێکارە نارازییەکان بەکاردەهێنرێن. لە ڕووسیا، پۆلیس باوەڕپێکراوترین پارێزەری زەویدار و قەیسەر بوون. لە هەموو وڵاتە سەرمایەدارییەکاندا، ئەندامانی پۆلیسی نهێنی و هێزی جەندرمە بەوە دەناسرێن کە زۆر دڕندەن – لە ڕووسیا هێزی پۆلیسی نهێنی یان "پۆلیسی سیاسی" بە ئۆخرانا (پاراستن) دەناسرا بوو. ژمارەیەکی زۆر لە لێکۆڵەرەوەکان، بریکارە سەرکوتکارەکان، سیخوڕەکان، شکێنەرانی مانگرتن، و هتد بە هاوکاری لەگەڵ پۆلیسی فەرمی کاردەکەن.

لەم چوارچێوەیەدا، شێوازەکانی پۆلیسی نهێنی ئەمریکی جێی سەرنجن. ئەوان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە "نوسینگەکانی لێکۆڵینەوە"ی تایبەت و نیمچە فەرمی پەیوەندییان هەیە. سەرکێشییە بەناوبانگەکانی نات پینکەرتۆن لە ڕاستیدا هەڵمەتێک بوون دژی کرێکاران. لێکۆڵەرەوەکان بۆمبیان لە سەرکردەی کرێکاراندا دەتەقاندەوە، هانیان دەدان بۆ کوشتنی سەرمایەدارەکان، و هتد. ئەم "لێکۆڵەرەوانە" ژمارەیەکی زۆر لە شکێنەرانی مانگرتن (کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە "سکارپ" ناسراون)، و گروپی پیاوکوژی چەکداریش دادەمەزرێنن کە لە کاتی پێویستدا مانگرتووان دەکوژن. هیچ خراپەیەک هێندەی خراپەی ئەم بکوژانە تاریک نییە کە کار بۆ دەوڵەتی "دیموکراتی" سەرمایەدارانی ئەمریکییەوە دەکەن!

دادوەری لە دەوڵەتی بۆرژوازیدا قەڵغانێکە بۆ پاراستنی چینی بۆرژوازی. لەوەش زیاتر، ئامرازێکە بۆ لێپێچینەوە لەوانەی خاوەندارێتیی سەرمایەداری دەبەزێنن یان دەستوەردان لە سیستەمی سەرمایەداریدا دەکەن. سیستەمی دادوەریی بۆرژوازی لیبکنێختی ناردە زیندان، بەڵام بکوژەکەی لیبکنێختی ئازاد کرد. زیندانەکانی دەوڵەت وەک جەلادێکی دەوڵەتی بۆرژوازی مامەڵە دەکەن. گولەکانیان ڕوو لە دەوڵەمەندان نییە، ڕوو لە هەژارانە.

ئەمانەن دامەزراوەکانی دەوڵەتی سەرمایەدارییە، دامەزراوەگەلێک کە ڕاستەوخۆ و بەشێوازێکی دڕندانە چینی کرێکار دەچەوسێننەوە.

ئینجا لە نێو ئەو ئامرازانەی کە بەردەستی دەوڵەتی سەرمایەدارییەوەن و بۆ ملکەچکردنی رۆحی و دەروونی بەکاریان دێنێت، سێ دانەیان شایەنی ئەوەن ئاماژەیان بۆ بکەین: قوتابخانەی دەوڵەتی؛ کەنیسەی دەوڵەتی؛ و ڕۆژنامەگەری دەوڵەتی ،یان ئەوانەی لەلایەن دەوڵەتەوە پشتگیری دەکرێن.

بۆرژوازی چاک دەزانێت کە ناتوانێت جەماوەری کرێکاری تەنها بە بەکارهێنانی زۆرداری کۆنترۆڵ بکات. پێویستی بەوەیە مێشکی کرێکاران وەک تۆڕی جاڵجاڵۆکە تەونبدات. دەوڵەتی بۆرژوازی وەک ئاژەڵی کارکەر تەماشای کرێکاران دەکات؛ ئەم ئاژەڵانە دەبێت کار بکەن، بەڵام نابێت گاز بگرن. لە ئەنجامدا، نابێت تەنها لێبدرێن یان گولەباران بکرێن کاتێک هەوڵی گازگرتن دەدەن، بەڵکو دەبێت ڕابهێنرێن و دەستەمۆ بکرێن. وەکچۆن ئاژەڵە دڕندەکان لە باخچەی ئاژەڵاندا لەلایەن ڕاهێنەری ئاژەڵانەوە ڕاهێنانیان پێدەکرێ و دەستەمۆ دەکرێن، هەر بەو جۆرەش، دەوڵەتی سەرمایەداری کۆمەڵێک پسپۆڕ دادەمەزرێنێت کاریان ئەوەیە خۆڵ بکەنە چاوی پرۆلیتاریا و ملکەچی بکەن؛ مامۆستا و پرۆفیسۆرانی بۆرژوازی، پیاوانی ئایینی، نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی بۆرژوازی نموونەی ئەم جۆرە پسپۆڕانەن. لە قوتابخانە دەوڵەتییەکاندا ئەم پسپۆڕانە منداڵان لە سەرەتای تەمەنیانەوە فێردەکەن گوێڕایەڵی سەرمایە بن، فێریان دەکەن و ڕەخنە لە "یاخیبووان" بگرن و ڕقیان لێیان بێتەوە. سەری منداڵان بە چیرۆکی درۆ دەربارەی شۆڕش و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی پڕ دەکەن. ئیمپراتۆرەکان و پادشاکان و سەرمایەدارانی پیشەسازی شکۆدار دەکەن. لە کەنیسەکاندا، قەشەکان، کە مووچە لە دەوڵەت وەردەگرن، بانگەشەی

ئەوە دەکەن کە هەموو دەسەڵاتێک لە خوداوەیە. ڕۆژانە، ڕۆژنامە بۆرژوازییەکان ئەم درۆیانە بڵاو دەکەنەوە، لە کاتێکدا ڕۆژنامەکانی چینی کرێکار لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لەلایەن دەوڵەتی سەرمایەدارییەوە سەرکوت دەکرێن. لەژێر بارودۆخێکی لەم شێوەیەدا، ئایا بۆ کرێکاران ئاسانە خۆیان لەم زەلکاوە ڕزگار بکەن؟ چەتەیەکی ئیمپریالیستی ئەڵمانی نووسیویەتی: "ئێمە نەک تەنها پێویستمان بە قاچی سەربازەکانە، بەڵکو پێویستمان بە مێشک و دڵیشیانە." بۆیە لەم بارەوە، دەوڵەتی بۆرژوازی، ئامانجی ئەوەیە کرێکاران وەک ئاژەڵی ماڵی پەروەردە بکرێن، کە وەک ئەسپ کار بکەن و خۆیان بە کەم بزانن.

ئا بەمجۆرە سیستەمی سەرمایەداری گەشەکردنی خۆی مسۆگەر دەکات. دەزگا چەوسێنەرەکانی کاری خۆیان دەکەن. زێدەباییش بەردەوام لە چینی کرێکار دەردەهێنرێت. لەولاشەوە دەوڵەتی سەرمایەدارییش هەمیشە ئامادە و لەسەرپێیە بۆ دڵنیابوونەوە لە ڕوونەدانی هەر ڕاپەڕینێک لە لایەن کۆیلەکانی کرێیوە.

**ناکۆکییە بنەڕەتییەکانی سیستەمی سەرمایەداری.**

ئێستا دەبێت لەوە بکۆڵینەوە کە ئایا کۆمەڵگەی سەرمایەداری یان بۆرژوازی لە ڕووی بونیادەوە باشە یان بە خراپ. بە شتێک دەوترێت ساغ یان باش کە ئەو شتە کۆی بەشەکانی هاوئاهەنگ بن و بەباشی پێکهاتبن. تۆ سەیری میکانیزمی کارکردنی کاتژمێرێک بکە: ئەگەر هەموو چەرخەکان بە باشی لەگەڵ یەکتردا ڕێکخرابن، بە وردی و بە ئازادی کار دەکات.

ئینجا با سەیری کۆمەڵگەی سەرمایەداری بکەین. هەر لە یەکەم نیگاوە دیارە کە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ناسازە و باش پێکنەهاتووە. کاتێک سەیری کۆمەڵگای سەرمایەداری دەکەین، دەستبەجێ ناکۆکییە توند و کەموکورتییە کارەساتبارەکان دەبینین. یەکەمین کەموکورتی کە بەرچاومان دەکەوێت نارێکیی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کاڵایە، نارێکییەک کە دەتوانین ناوی بنێین "پشێوی بەرهەمهێنان". ئەمە واتای چییە؟ واتای ئەوەیە کە هەموو خاوەنکارە سەرمایەدارەکان (یان کۆمپانیا سەرمایەدارەکان) سەبارەت بە پێویستییەکانی کۆمەڵگا لە پەیوەندیدا نین لەگەڵ یەکتر بە شێوەیەکی سەربەخۆ کاڵا بەرهەم دێنن. لەبری ئەوەی کۆمەڵگە پێویستییەکانی لە هەر بابەتێک پێوانە بکات و بەو پێیە بەرهەم بێنێت، خاوەن کارگەکان بە سادەیی لەسەر بنەمای ئەوە بەرهەمهێنان دەکەن کە زۆرترین قازانجیان دەستکەوێت. ئەنجامەکەی زۆرجار ئەوەیە کە کاڵا بە بڕی زۆر زیادە بەرهەم دەهێنرێن — بێگومان باسی پێش جەنگ دەکەین. پاشان فرۆشیان نییە. کرێکاران ناتوانن بیانکڕن، چونکە پارەی پێویستیان نییە. پاشان قەیرانێک ڕوودەدات. کارگەکان دادەخرێن و کرێکاران دەخرێنە سەر شەقام. جگە لەوەش، پشێوی بەرهەمهێنان شەڕ دەخاتە بازاڕەوە؛ هەر بەرهەمهێنەرێک دەیەوێت کڕیارەکانی ئەوانی تر ڕاکێشێت، بۆ قۆرخکردنی بازاڕ. ئەم شەڕە شێوەی جیاواز وەردەگرێت: بە کێبڕکێی نێوان دوو

خاوەن کارگە دەست پێدەکات؛ بە جەنگی جیهانی کۆتایی دێت، کە تێیدا دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان بۆ بازاڕی جیهانی پێکدادەدەن. ئەمە نەک تەنها واتای ئەوەیە کە بەشەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری دەستوەردان لە کاری یەکتردا دەکەن، بەڵکو بە مانای ئەوەش دێت کە ململانێیەکی ڕاستەوخۆ و سەخت لە نێوان بەشە پێکهێنەرەکاندا هەیە.

**کەواتە یەکەم هۆکاری ناتەبایی کۆمەڵگەی سەرمایەداری بریتییە لە پشێوی بەرهەمهێنان، کە دەبێتە هۆی قەیران، کێبڕکێی ناوخۆیی، و جەنگ.**

دووەم هۆکاری ناتەبایی کۆمەڵگەی سەرمایەداری لە پێکهاتەی چینی ئەو کۆمەڵگەیەدایە. کۆمەڵگەی سەرمایەداری لە ماهییەتیدا کۆمەڵگەیەک نییە بەڵکو دوو کۆمەڵگەیە؛ لەلایەک سەرمایەدار هەیە، لە لایەکی دیکەوە کرێکار و جووتیارە هەژارەکان. لە نێوان ئەم دوو چینەدا دوژمنایەتییەکی بەردەوام و پێکەوە نەگونجاو هەیە؛ ئەمە ئەوەیە کە ئێمە بە شەڕی چینایەتی ناوی دەبەین. لێرەشدا، دەبینین کە بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری نەک تەنها لەگەڵ یەکتردا گونجاو نین، بەڵکو لە ڕاستیدا لە ململانێیەکی بەردەوامیشدان.

ئایا سەرمایەداری بەرەو دارمان دەڕوات؟ وەڵامی پرسیارەکە بەندە بەم خاڵانەی خوارەوە. کاتێک کە لە پەرەسەندنی سەرمایەداری دەکۆڵینەوە و ئەو گۆڕانکارییانە دەپشکنین کە بە درێژایی مێژوو بەسەریدا هاتووە، ئەگەر لەو میانەدا ببینین کە ناتەباییەکانی کەم دەبنەوە، ئەوا دەتوانین پێشبینی تەمەنێکی درێژی بۆ بکەین، بەڵام ئەگەر ببینین کە بە درێژایی مێژوو بەشە جیاوازەکانی ماشێنی سەرمایەداری زیاتر و زیاتر پێکدادەدەن، ئەگەر ببینین کەموکورتییەکانی پێکهاتەکە کەلێنێکی ڕاستەقینەیان لێدروست دەبێت، ئەوا کاتی ئەوە هاتووە بڵێین "بە ئاسوودەیی بنوو".

**کەواتە ئێستا دەبێت لە پەرەسەندنی سەرمایەداری بکۆڵینەوە.**

## بەشی دووەم

### پەرەسەندنی سیستەمی کۆمەڵایەتیی سەرمایەداری

ململانێی نێوان بەرهەمهێنانی بچووک و گەورەدا (لە نێوان خاوەنداریێتی کرێکار و خاوەنداریێتی سەرمایەداری ناکارکەردا)

ا) ململانێی نێوان سەرمایەی بچووک و سەرمایەی گەورە لە پیشەسازی بەرهەمهێناندا.

کارگە زەبەلاحەکان، کە هەندێک جار زیاتر لە دە هەزار کرێکار کاریان تێدا دەکات و خاوەنی ئامێری گەورەن، هێندە نییە هاتوونەتە بوون. ئەمجۆرە کارگانە وردەوردە دەرکەوتن، کاتێک بەرهەمهێنانی دەستی و پیشەسازی بچووک دەڕووخان، ئەمان لەسەر پاشماوەی ئەوان گەشەیان کرد و دەرکەوتن. بۆ ئەوەی بزانین بۆچی ئەمە ڕوویدا، دەبێت سەرەتا ئەو بارودۆخە لەبەرچاو بگرین کە وادەکات کێبڕکێ لەسەر کڕیار لە سایەی خاوەندارێتی تایبەت و بەرهەمهێنانی کاڵادا حەتمی بێت. کێ لەم کێبڕکێ و ململانێیەدا دەیباتەوە؟ ئەو کەسە دەیباتەوە کە دەزانێت چۆن کڕیاران بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و لە ڕکابەرەکانی دووریانبخاتەوە. ئێستا گرنگترین ڕێگا بۆ ڕاکێشانی کڕیار پێشکەشکردنی کاڵایە بە نرخێکی کەمتر. کێ دەتوانێت بە نرخێکی زۆر کەم بفرۆشێت؟ ئەمە یەکەم پرسیارە کە دەبێت وەڵامی بدەینەوە. دیارە کە بەرهەمهێنەری گەورە دەتوانێت هەرزانتر بفرۆشێت وەک لە بەرهەمهێنەری بچووک یان پیشەوەرێکی سەربەخۆ، چونکە بەرهەمهێنەری گەورە دەتوانێت هەرزانتر بکڕێت. بەرهەمهێنانی گەورە لەم ڕووەوە چەندین تایبەتمەندی هەیە کە وادەکات لە بەرهەمێنانی بچووک لەپێشتر بێت. لە سەرووی هەموویانەوە، بەرهەمهێنانی گەورە تایبەتمەندیی ئەوەی هەیە خاوەنکارێک کە سەرمایەیەکی گەورەی لەبەردەستدایە، دەتوانێت ئامێری باشتر دابنێت و بەگشتی ئامراز و کەرەستەی باشتر بەدەست بهێنێت. پیشەوەرێکی سەربەخۆ یان خاوەنکارێکی بچووک زۆر بە سەختی دەتوانێت کاروباری خۆی بەڕێوە ببات؛ بەزۆری ناتوانێت دەسەڵاتی وێستگەیەکی کارەبایی هەبێت؛ بیر لە دانانی ئامێری باشتر و گەورەتر ناکاتەوە؛ توانای کڕینی ئەوانەی نییە. سەرمایەداری بچووکیش ناتوانێت نوێترین ئامێرەکان بەدەست بهێنێت. بۆیە سەرئەنجام، هەتا پڕۆژە گەورەتر بێت، تەکنیکەکەی کامڵتر و کارەکەی ئابووریتر دەبێت، ئەمەش وادەکات تێچووی بەرهەمهێنان کەمتر دەبێت.

لە کارگە گەورەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەڵمانیا، تاقیگەی زانستی هەیە کە بەهۆیانەوە بەردەوام ڕێگەی نوێ و باشتر دەدۆزرێنەوە. بەم شێوەیە زانست لەگەڵ پیشەسازیدا یەکدەگرێت. دۆزینەوەکانی نێو ئەو تاقیگانە دەبنە نهێنیی ناو ئەو پڕۆژانەی بۆی دامەزراون، تەنیا قازانج بۆ ئەو پڕۆژەیە دەهێنن. لە بەرهەمهێنانی بچووک و دەستیدا، یەک کرێکار نزیکەی هەموو قۆناغەکانی بەرهەمهێنان بەڕێوە دەبات. لە لایەکی ترەوە، لە بەرهەمهێنانی ئامێریدا، کە کرێکارێکی زۆر کاری تێدا دەکات، یەک کرێکار بەرپرسە لە یەک قۆناغ، کرێکارێکی تر بۆ قۆناغی دووەم، دانەیەکی تریش بۆ سێیەم و بەم شێوەیە. ئیدی لەسایەی سیستەمێکدا کە بە دابەشکردنی کار ناسراوە، کارەکە زۆر خێراتر دەڕوات. گەورەیی سوودی ئەم سیستەمە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی ئەمریکییەوە دەرکەوت کە لە ساڵی 1898 ئەنجامدرا. ئەمانە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە بوون: بۆ دروستکردنی 10 گاسن بە کاری دەستی: 2 کرێکار، 11 کرداری جیاواز، بە گشتی 1,180 کاتژمێریان کارکردووە و 54 دۆلاریان وەرگرتووە. پاشان بە بەکارهێنانی ئامێر: 52 کرێکار، 97 کردار (چەند ژمارەی کرێکارەکان زیاتر بن، کردارەکان زیاتر جۆراوجۆر دەبن)، بە گشتی 37 کاتژمێر و 28 خولەکیان کارکردووە و 7.90 دۆلاریان وەرگرتووە. (دەبینین کە کاتەکە زۆر کەمتر بووە و تێچووی کارەکە زۆر کەمتر بووە). دروستکردنی 100 کۆمەڵە چەرخی کاتژمێر بە کاری

دەستی: 124 کرێکار، 453 کردار، 341,866 کاتژمێر، 80.82 دۆلار. لەکاتێکدا بە بەکارهێنانی ئامێر: 10 کرێکار، 1088 کردار، 8,343 کاتژمێر، 1.80 دۆلار. دروستکردنی 500 یارد قوماش بە کاری دەستی: 3 کرێکار، 19 کردار، 7,534 کاتژمێر، 135.6 دۆلار. لەکاتێکدا بە کاری ئامێر: 252 کرێکار، 43 کردار، 84 کاتژمێر، 6.82 دۆلار. چەندین نموونەی هاوشێوە هەن کە دەتوانین ئاماژەیان پێبکەین. هەرچۆنێک بێت، بەرهەمهێنەری بچووک و کرێکاری دەستی بەتەواوی ناتوانن ئەو لقانەی بەرهەمهێنان بگرنە دەست کە تەکنیکی میکانیکی زۆر پێشکەوتوویان تێدا پێویستە. بۆ نموونە، دروستکردنی شەمەندەفەر و کەشتی و زرێپۆش و کانگای خەڵوز و هتد.

بەرهەمهێنانی گەورە لە هەموو لایەکەوە قازانجی ئابووری هەیە: لە بیناکان، ئامێرەکان، کەرەستە خاوەکان، ڕووناککردنەوە و گەرمکردنەوە، تێچووی کار، بەکارهێنانی بەرهەمە زیادەکان و هتد. با وایدابنێین هەزار وەرشەی بچووک هەیە و کارگەیەکی گەورەش، کارگەکە هەمان بڕی کاڵا بەرهەم دەهێنێت کە کۆی وەرشە بچووکەکان پێکەوە بەرهەمیدێنن. بەرهەمێنان لە یەک کارگەی گەورەدا زۆر ئاسانترە وەک لە هەزار وەرشەی بچووک؛ کەرەستە خاوەکان لە وەرشەکاندا زۆر بەفیڕۆ دەچن؛ ڕووناککردنەوە و گەرمکردنەوە لە کارگەی گەورەکەدا زۆر ئاسانترە؛ ئەمە جگەلەوەی کارگە لە بابەتی سەرپەرشتیکردنی گشتی و پاککردنەوە و چاککردنەوە و هتددا ئاسانترە. بە واتایەکی تر، بە دڵنیاییەوە لە هەموو ڕووەکانەوە قازانجی ئابووری و پاشەکەوت لە بەڕێوەبردنی کارگە گەورەکەدا دەبێت.

لە کڕینی کەرەستەی خاو و هەموو ئەو شتانەی کە بۆ بەرهەمهێنان پێویستن، سەرمایەی گەورە تایبەتمەندیی گەورەی هەیە. کڕیاری کە بەکۆ کەرەستە بکڕێت کاڵای هەرزانتر و باشتری دەستدەکەوێت؛ ئەمە جگەلەوەی خاوەنی کارگە گەورەکە باشتر شارەزایی بازاڕی هەیە، باشتر دەزانێت لە کوێ شتی هەرزان بکڕێت. ئیدی پڕۆژەی بچووک هەمیشە زیانمەندە کاتێک وەک فرۆشیار دەچێتە بازاڕەوە. بەرهەمهێنەری گەورە نەک تەنیا باشتر دەزانێت لە کوێ هەرزان بکڕێت (بۆ ئەم مەبەستە، گەڕیدەی هەیە؛ کاروباری خۆی لە بۆرسەدا بەڕێوە دەبات، لەوێ بەردەوام هەواڵی پەیوەندیدار بە کاڵا جۆراوجۆرەکان پێدەگات؛ پەیوەندیی بازرگانی بەنزیکەیی لە هەموو جیهاندا هەیە)، لەوەش زیاتر، توانای چاوەڕوانیکردنی هەیە. بۆ نموونە، ئەگەر نرخی بەرهەمەکەی زۆر کەم بێت، دەتوانێت لە کۆگاکانی خۆیدا بیهێڵێتەوە، تاوەکو نرخەکان بەرز دەبنەوە. بەرهەمهێنەری بچووک ناتوانێت ئەمە بکات. ئەو لەسەر پارەی ئەو ڕۆژەی دەژی. هەر کە بەرهەمەکەی فرۆشت، ئەو پارەیەی کە وەریگرتووە لە خەرجییە هەنووکەییەکاندا بەکاردەبات؛ هیچ پاشەکەوتێکی نییە. لەبەر ئەم هۆکارە، دەبێ بە ناچاری بفرۆشێت، ئەگەرنا لە برسا دەمرێت. کە ئەمەش زیانێکی گەورەیە بۆی.

سەرباری هەموو ئەمانەش، بەرهەمهێنانی گەورە لە بەدەستهێنانی قەرزدا تایبەتمەندیی زیاتری هەیە. ئەگەر خاوەنکارێکی گەورە زۆر پێویستی بە پارە بێت، دەتوانێت بەدەستی بهێنێت. بانکەکان هەمیشە قەرز دەدەنە کۆمپانیایەکی "بەهێز" بە ڕێژەیەکی سووی کەم. بەڵام کەم کەس قەرز دەداتە

بەرهەمهێنەری بچووک. ئەگەر قەرز وەربگرێت، سووی زۆری لێ داوا دەکەن. بەم شێوەیە بەرهەمهێنەری بچووک بە ئاسانی دەکەوێتە چنگی سووخۆرەکانەوە.

هەموو ئەم تایبەتمەندییانەی کە پەیوەستن بە پرۆژەی گەورەوە پێماندەڵێن بۆچی بەرهەمهێنانی بچووک بە بەردەوامی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا دەبێتە قوربانی. سەرمایەی گەورە بەرهەمهێنەری بچووک وردوخاش دەکات، کڕیارەکانی لێ وەردەگرێت، و وێرانی دەکات، بە جۆرێک کە یان دەچێتە ڕیزی پرۆلێتاریاوە یان دەبێتە بێکار. لە زۆر حاڵەتدا، بە دڵنیاییەوە، خاوەنکارە بچووکەکە لە هەوڵی مانەوە بەردەوام دەبێت. ئەو بە بێهیوایی دەجەنگێت، کاری خۆی بە دەستی خۆی دەکات، کرێکارەکانی و خێزانەکەی ناچار دەکات بە هەموو هێزیانەوە کار بکەن؛ بەڵام لە کۆتاییدا ناچار دەبێت شوێنەکەی بۆ سەرمایەداری گەورە چۆڵ بکات. زۆربەی کات، ئەوانەی کە وا دەردەکەون خاوەنکاری سەربەخۆن، لە بنەڕەتدا بە تەواوی پشت بە سەرمایەی گەورە دەبەستن، کار بۆ سەرمایەدارێکی گەورەتر دەکەن و ناتوانن بێ مۆڵەتی ئەو هەنگاوێک بنێن. بەرهەمهێنەری بچووک زۆر جار لەناو چنگەکانی سووخۆرەکاندا گیری خواردووە. بەجۆرێک لەجۆرەکان، ئەو بۆ ئەم جاڵجاڵۆکانە کار دەکات، یان پشت بە کڕیاری کاڵاکانی دەبەستێت. ئەوجا هەرچەندە بە شێوەیەکی ڕواڵەتی سەربەخۆ بێت، ئەو لە ڕاستیدا بووەتە کرێکارێکی کرێگرتە لە خزمەتی سەرمایەدارێکدا کە خاوەنی دوکانە گەورەکەیە. ڕەنگە سەرمایەدارەکە کەرەستەی خاوی پێ بدات، و هەندێک جار ئامرازیشی پێ بدات؛ لە ڕووسیا زۆرێک لەوانەی کە لە پیشەسازی ناوخۆییدا کار دەکەن لەم دۆخەدان. لەو حاڵەتانەدا بە تەواوی ڕوونە کە کرێکارە ناوخۆییەکە بۆتە پاشکۆی سەرمایە. شێوازێکی تری ملکەچبوون بۆ سەرمایە ئەوەیە کە وەرشە بچووکەکانی چاککردنەوە لە دەوری پرۆژەیەکی گەورە کۆدەبنەوە، بە شێوەیەک کە ئەوان، وەک بڵێی، تەنیا برغۆیەکی دیواری بینا گەورەکەن. تەنیا بە ڕواڵەت سەربەخۆن. هەندێجاریش کە خاوەنکارە بچووکەکان، پیشەوەرانی سەربەخۆ، کرێکارانی ناوخۆیی، بازرگانان، یان سەرمایەدارە بچووکەکان، کاتێ لە لقێکی بەرهەمهێنان یان بازرگانی دەردەکرێن، دەچنە لقێکی ترەوە کە سەرمایەی گەورە تێیدا کەمتر پێویستە. لە زۆر حاڵەتدا، ئەو کەسانەی کە بەم شێوەیە زیان دەکەن، دەبنە بازرگانی بچووک، کاسبکار و شتی هاوشێوە. بەم شێوە سەرمایەی گەورە هەنگاو بە هەنگاو هەوڵ دەدات لە هەموو شوێنێک جێگەی بەرهەمهێنانی بچووک بگرێتەوە. پرۆژەی زەبەلاح دروست دەبن، هەریەکەیان هەزاران یان دەیان هەزار کرێکار دادەمەزرێنن. سەرمایەی گەورە دەبێتە حاکمی جیهان. خاوەنکارە کرێکارەکە نامێنێت. سەرمایەی گەورە جێگەی دەگرێتەوە.

وەک نموونەی کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی بچووک لە ڕووسیا، با سەیری کرێکارانی ماڵنشین بکەین. هەندێکیان، وەک هەلاج و سەبەتەفرۆشەکان، بە کەرەستەی خاوەکانی خۆیان کاریان دەکرد و بە هەر کەسێک کە بیانویستبا دەفرۆشت. لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، کرێکارە ماڵنشینەکان دەستیان کرد بە کارکردن بۆ سەرمایەدارێکی دیاریکراو؛ ئەمە لە حاڵەتی کڵاوچن و دروستکەرانی یاری و فلچەدا لە

مۆسکۆ ڕوویدا. لە قۆناغی دواتردا، کرێکارانی ماڵنشین کەرەستەی خاویان لە خاوەنکارێک وەردەگرت، بەم شێوەیە چوونە ژێر دەسەڵاتی ئەوانەوە (بۆ نموونە کلیلسازەکانی پاڤیلۆڤسک و بورماکینۆ). لە کۆتاییدا، کرێکارانی ماڵنشین لەلایەن خاوەنکارەکانیانەوە بە نرخێک بەرامبەر بە هەر پارچە کارێکی دەستی پاداشت دەکران (بزمارکەرەکانی تڤێر، پێڵاوسازەکانی کیمری، حەسیرسازەکانی ماکارییڤ، چەقۆسازەکانی پاڤلۆڤۆ). دەستچنەکانیش بە هەمان شێوە بوونە کۆیلە. لە ئینگلتەرا، سیستەمی کۆتایی هاتنی بەرهەمهێنانی بچووک ناونرا "سیستەمی ئارەقکردنەوە"، بەهۆی ئەو بارودۆخە ناخۆشانەی کە پێیدا تێپەڕین. لە ئەڵمانیا، لە نێوان ساڵانی 1882 بۆ 1895، ژمارەی پڕۆژە بچووکەکان بە ڕێژەی 8.6% کەم بوونەوە؛ ژمارەی پڕۆژە مامناوەندییەکان (ئەوانەی 6 تا 50 کرێکاریان تێدا بوو) بە ڕێژەی 64.1% زیادیان کرد؛ ژمارەی پڕۆژە گەورەکانیش بە ڕێژەی 90% زیادیان کرد. لە ساڵی 1895ـەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە پڕۆژە مامناوەندییەکانیش لەناوچوون. لە ڕووسیا، سەرکەوتنی سیستەمی کارگە بەسەر پیشەسازی ماڵیدا بە خێراییەکی زۆر ڕوویدا. پیشەسازی قوماش (چنین) یەکێکە لە گرنگترین لقەکانی بەرهەمهێنان لە ڕووسیا. ئەگەر سەیری ئەو گۆڕانکارییانە بکەین کە لە پیشەسازی لۆکەدا ڕوویانداوە، ئەگەر ژمارەی کرێکارانی کارگە لەگەڵ ژمارەی کرێکارانی ماڵنشین بەراورد بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە چەندە بە خێرایی سیستەمی کارگە جێگەی پیشەسازی ناوماڵی گرتەوە. ئەمانەش ژمارەکانن:

| ساڵ | ژمارەی کرێکارانی کارگە | ژمارەی کرێکارانی ماڵنشین |
|---|---|---|
| 1886 | 94,566 | 66,178 |
| 1879 | 162,691 | 50,152 |
| 1894-5 | 241,051 | 20,475 |

لە ساڵی 1866، بەرامبەر بە هەر سەد کرێکارێک کە وەک دەستچن لە کارگەکانی لۆکەدا کاریان دەکرد، 70 دەستچن لە ماڵەوە کاریان دەکرد. لە ساڵانی 1894-5، بەرامبەر بە هەر سەد کرێکارێکی کارگە تەنیا 8 کرێکاری ناوماڵ هەبوون. لە ڕووسیا، بەرهەمهێنانی گەورە بە شێوەیەکی نائاسایی و خێرا گەشەیکرد، چونکە سەرمایەی بیانی ڕاستەوخۆ ڕێکیدەخست. تا ساڵی 1902، پڕۆژە گەورەکان نزیکەی نیوەی (40%)ی هەموو کرێکارانی پیشەسازی ڕووسیایان پێکهێنابوو.

لە ساڵی 1903، لە ڕووسیای ئەوروپی، ئەو کارگانەی زیاتر لە 100 کرێکاریان تێدا بوو، 17%ی کۆی کارگە و وەرشەکانیان پێکدەهێنا؛ لە کۆی ژمارەی کرێکارانی کارگە و وەرشەکان، 76.6%ـیان لەم کارگە گەورانەدا کاریان دەکرد.

سەرکەوتنی بەرهەمهێنانی گەورە لە هەموو جیهاندا ئاستەنگی زۆر لەبەردەم بەرهەمهێنەرانی بچووکدا

دروست دەکات. هەندێک جار تەواوی پیشەکان لەناو دەچن و تەواوی ناوچەکان چۆڵ دەبن (بۆ نموونە، دەستچنەکانی سیلێزیا لە ئەڵمانیا، دەستچنەکانی هیندستان، هتد).

ب) ململانێی نێوان سەرمایەی بچووک و سەرمایەی گەورە لە کشتوکاڵدا.

لەسایەی سیستەمی سەرمایەداریدا، هەمان ئەو ململانێیی کە لەنێوان بەرهەمهێنانی بچووک و بەرهەمهێنانی گەورەی بواری پیشەسازیدا هەیە، لە بواری کشتوکاڵیشدا هەیە. لەبواری پیشەسازیدا سەرمایەدارێکمان هەیە کارگەکەی بەڕێوەدەبات، لەبواری کشتوکاڵیدا خاوەنزەوییەکمان هەیە کە موڵکەکەی بەڕێوەدەبات؛ جووتیاری دەوڵەمەندمان هەیە، چاوچنۆک و سووخۆر؛ جووتیاری مامناوەندییش؛ پاشان جووتیاری هەژار، کە زۆرجار کار لە خاوەنزەوی یان جووتیارە دەوڵەمەندەکان وەردەگرن؛ پاشان کرێکارانی کشتوکاڵییشمان هەیە – دەتوانین ئەم زنجیرە کشتوکاڵییە بەراورد بکەین بە زنجیرە پیشەسازییەکەی سەرمایەداری گەورە، سەرمایەداری بچووک، پیشەوەرە سەربەخۆکان، کرێکارانی ماڵەوە، کرێکاری کرێگرتە. ئاخر لە لادێدا، هەر وەک شار، موڵکدارییەکی گەورە بە بەراورد بە موڵکداری بچووک تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

لە کێڵگەیەکی گەورەدا، ئاسانتر دەتوانرێت ڕێگا نوێکانی کشتکاری بەکاربهێنرێت. ئامێری کشتوکاڵی (وەک گاسنی کارەبایی یان هەڵمی، دەڕاسە و درووێنە، ئامێری بڕین و بەستن، ئامێری چاڵکەر و هتد) بۆ جووتیارە بچووکەکان دەستنادات. پیشەوەرە سەربەخۆکە ناتوانێت بیر لە دانانی ئامێری گرانبەها لە وەرشە بچووکەکەیدا بکاتەوە؛ ئەو پارەی نییە بۆ کڕینی، ناتوانێت ئەو ئامێرە بە باشی بەکار بهێنێت تەنانەت ئەگەر بتوانێت بیشیکڕێت. بە هەمان شێوە، جووتیار ناتوانێت گاسنی هەڵمی بکڕێت، ئەگەر پارەیشی هەبووایە، گاسنی هەڵمی سوودێکی ئەوتۆی نەبوو. ئامێرێکی گەورەی وەک ئەمە، بۆ ئەوەی قازانج بدات، پێویستی بە ڕووبەرێکی گەورەی زەوی هەیە؛ لە پارچە زەوییەکدا کە بەحاڵ شوێنێک بۆ گاکێڵ هەیە، گاسنی هەڵمی بێسوودە.

بەکارهێنانی چالاکانەی ئامێر و کەرەستەکان بەندە بە ڕووبەری زەویی کشتوکاڵییەوە. بۆ بەکارهێنانی گاسنێکی ئەسپ پێویستمان بە 30 هێکتار زەوی هەیە؛ بۆ کونکەر و دەڕاسە نزیکەی 70 هێکتار زەویمان دەوێت؛ بۆ دەڕاسەی هەڵمی، نزیکەی 250 هێکتار؛ بۆ گاسنێکی هەڵمی، نزیکەی 1000 هێکتار. ئەم دواییانەش، ئامێری کارەبایی لە کشتوکاڵدا بەکارهێنرا؛ بۆ ئەمەش، کشتوکاڵی گەورە پێویستییەکی حەتمییە.

بەگشتی، تەنیا لە کشتوکاڵی گەورەدا دەتوانرێت کاری ئاودێری و وشکردنەوەی زۆنگاوەکان و دابینکردنی ئاودێری کێڵگە (دانانی بۆری گڵ لە کێڵگەکاندا بۆ لابردنی ئاوی زیادە) و دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر ئەنجام بدرێت. لە کشتوکاڵدا، هەر وەک پیشەسازیی بەرهەمهێنان، لەو شوێنانەی کە کار

به شێوەیەکی گەورە دەکرێت، پاشەکەوت لە ئامراز و ئامێر و کەرەستە و هێزی کار و سووتەمەنی و ڕووناککردنەوە و هتددا دەکرێت.

لە کشتوکاڵی گەورەدا، بۆ هەر دێسەتینایەک (یەکەیەکی ڕووبەری کۆن)، شوێنی بەفیرۆچوو لە نێوان کێڵگەکان، کەمتر دەبێت، کەمتر پەرژین، جۆگەلە و پەرژین؛ کەمتر تۆو لەم ناوچانەدا ون دەبێت. سەرەڕای ئەوە، خاوەنی کێڵگەیەکی گەورە بۆی شیاوە کە شارەزایانی کشتوکاڵ دامەزرێنێت، و دەتوانێت زەوییەکەی بە ڕێگەی زانستی تەواو بەکار بهێنێت.

لە کاروباری بازرگانی و قەرزدا، ئەوەی بۆ پیشەسازی دەگونجێت، بۆ کشتوکاڵیش دەگونجێت. جووتیاری گەورە باشتر لە بازاڕ شارەزایە، دەتوانێت چاوەڕێی دەرفەتی گونجاو بکات، دەتوانێت هەموو ئەوەی پێویستە هەرزانتر بکڕێت، دەتوانێت بە نرخێکی باشتر بفرۆشێت. تەنها یەک شت بۆ ڕکابەری بچووک دەمێنێتەوە؛ ئەو بە هەموو هێزی خۆی دەجەنگێت. کشتوکاڵی بچووک تەنیا دەتوانێت لە ڕێگەی کاری زۆر و سنووردارکردنی پێداویستییەکان و جۆرێک لە برسێتی بەردەوام بێت. تەنیا بەم شێوەیە دەتوانێت لەسایەی سیستەمی سەرمایەداریدا خۆی بگرێت. ئەمە جگەلەوەی باجێکی زۆر لەسەر خاوەن زەوییە بچووکەکان هەیە و دەوڵەتی سەرمایەداری لەو بارەشەوە بارێکی قورسی خستۆتە لەسەر شانیان. هێندە بەسە بیرمانبێتەوە باجی سەردەمی تزاری قەیسەری چ پەیامێکی هەبوو بۆ جووتیار - "هەرچیت هەیە بیفرۆشە، گرنگ ئەوەیە باج بدەیت".

بەگشتی ڕەنگە بتوانین بڵێین بەرهەمهێنانی بچووک لە بواری کشتوکاڵدا لەچاو پیشەسازی بەرهەمهێناندا زیاتر بەرگەدەگرێت. لە شارەکاندا، پیشەوەرە سەربەخۆکان و بەرهەمهێنەرانی تری بچووک زۆر بە خێرایی تووشی لەناوچوون دەبن، بەڵام لە ناوچە گوندنشینەکانی هەموو وڵاتاندا کشتوکاڵ و ژیانی جووتیاری تا ڕادەیەک دۆخێکی جێگیری هەیە. سەرەڕای ئەمەش، لە گوندیشدا، هەژاربوونی زۆرینە بە خێرایی تەشەنەدەکات، تەنیا ئەوەیە لە گوندەکاندا ئەنجامەکان کەمتر دیارن وەک لە شارەکاندا. پەیوەست بە پانتایی زەوییەوە، هەندێک جار پڕۆژەیەکی کشتوکاڵی وادەردەکەوێت زۆر بچووکە، بەڵام لە ڕاستیدا پرۆژەیەکی فراوانە، ئەگەر ئەو سەرمایەیە زۆر و کرێکارە زۆرە لەبەرچاو بگرین کە تێیدا بەگەڕخراوە؛ ئەمە بۆ نموونە بۆ باخچەبازاڕەکانی نزیک شارە گەورەکان ڕاستە. لە لایەکی ترەوە، ئەوانەی کە خاوەن زەوییەکی سەربەخۆی بچووکن، لە ڕاستیدا زۆرینەیان کرێکاری کرێگرتەن؛ هەندێک جار لە کێڵگە دراوسێکاندا کار دەکەن، هەندێک جار لە شوێنی تر کاری وەرزی دەکەن، و هەندێک جار لە شارەکاندا کار دەکەن. ئەوەی بەسەر پیشەوەرانی سەربەخۆ و کرێکارانی ناوخۆییدا دێت، بە هەمان شێوە بەسەر جووتیارانی هەموو وڵاتاندا دێت. هەندێکیان دەبنە "کولاک" (یان دەبنە مەیفرۆش، یان سووخۆر، یان دەبنە جووتیاری دەوڵەمەند کە وردەوردە موڵکەکانیان کۆدەکەنەوە). هەندێکیان دەتوانن بەو شێوەی خۆیان بەردەوام بن. بەڵام هەندێکیان لە کۆتاییدا وێران دەبن، مانگا و وڵاخەکانیان دەفرۆشن، دەبنە "پیاوی بێ ئەسپ"؛ لە کۆتاییدا، پارچە زەوییەکەش چارەنووسی ئەوانی تری دەبێت،

پیاوەکەش یان لە شار نیشتەجێ دەبێت یان وەک کرێکاری کشتوکاڵی ژیانی خۆی بەڕێدەکات. "پیاوی بێ ئەسپ" دەبێتە کرێکاری کرێگرتە، لە کاتێکدا کولاک یان جووتیاری دەوڵەمەند کە کرێکار بەکرێ دەگرێت، دەبێتە خاوەن زەوی یان سەرمایەدار.

بەم شێوەیە لە کشتوکاڵدا بڕێکی زۆر لە زەوی، ئامێر، مەڕوماڵات، ئەسپ و هتد دەکەوێتە دەستی گرووپێکی بچووک لە خاوەن زەوییە سەرمایەدارەکان، کە ملیۆنان کرێکار کاریان بۆ دەکەن و ملیۆنان جووتیار پشتیان پێدەبەستن.
لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە سیستەمی سەرمایەداری تێیدا لەچاو شوێنەکانی تر زیاتر گەشەی کردووە، موڵکدارییەکی گەورە هەیە بە هەمان نەزمی کارگەکان کار دەکەن. وەکچۆن لە کارگەکاندا تەنیا یەک بەرهەم بەرهەمدێت، لەو کێڵگانەشدا تەنیا کار لەسەر یەک بەرهەمی کشتوکاڵی دەکرێت. کێڵگەی زەبەلاح هەیە بەتەنیا شیلک یان بەروبوومێکی تری تێدا دەکرێت. چەندین پرۆژەی زەبەلاح کە بە ئامێر کارەکانیان ڕایی دەکەن: کێڵگەی زەبەلاحی مریشک؛ کێڵگەی زەبەلاحی گەنم و هتد. زۆرێک لە لقەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لە دەستی چەند کەسێکدا چڕکراونەتەوە. هەر بەمجۆرەیە کە "پاشای مریشک" (سەرمایەدارێک کە بەخێوکردنی مریشک کەم تا زۆر بە تەواوی لە دەستی ئەودا چڕکراوەتەوە) و "پاشای هێلکە" دروست دەبێت.

پاشکۆیتیی پرۆلێتاریا؛ سوپای یەدەگی کار؛ کاری ژنان و کاری منداڵان.

لەسایەی سیستەمی سەرمایەداریدا، زۆرینەی دانیشتووان بەردەوام دەگۆڕدرێن بۆ کرێکاری کرێگرتە. پیشەوەرە ڕووخاوەکان، کرێکارانی ماڵنشین، جووتیارەکان، بازرگانەکان، سەرمایەدارە بچووکەکان – بە واتایەکی تر، هەموو ئەوانەی کە فڕێدراونەتە دەرەوە و بەهۆی سەرمایەی گەورەوە ڕووخێنراون، دەکەونە ناو ڕیزی پرۆلێتارياوە. هەتا سامان لە دەستی گرووپێکی بچووکی سەرمایەداردا چڕبێتەوە، هێندە زیاتر زۆرینەی خەڵک دەبنە کۆیلەی کرێگرتەی ئەم سەرمایەدارانە.

بەهۆی خراپبوونی بەردەوامی چین و توێژە مامناوەندییەکانەوە، ژمارەی کرێکاران هەمیشە لە پێداویستییەکانی سەرمایە زیاترە. لەبەر ئەم هۆکارە، کرێکاران بە سەرمایەدارییەوە دەبەسترێنەوە. کرێکار دەبێت بۆ سەرمایەدار کار بکات. ئەگەر ڕەتی بکاتەوە، خاوەنکار دەتوانێت سەد کەسی تر بدۆزێتەوە و لە جێگەیان داینێت.

بەڵام ئەم پشتبەستنە بە سەرمایە، جگە لە وێرانبوونی توێژ و چینە نوێ و بەردەوامەکان، هۆکارێکی تریشی هەیە. دەسەڵاتی سەرمایە بەسەر کرێکاراندا تا دێت بەهێزتر دەکرێت، بەو جۆرێک کە سەرمایەدار بەردەوام کرێکاری زیادە فڕێ دەداتە سەر شەقام و یەدەگێک لە هێزی کاریان لێ دروست

دەکات. ئەمە چۆن ڕوودەدات؟ بەم شێوەیەی خوارەوە: پێشتر بینیمان کە هەر خاوەن کارگەیەک هەوڵ دەدات تێچووی بەرهەمهێنان کەم بکاتەوە. لەبەر ئەمەیە کە بەردەوام ئامێری نوێ دادەنێت. بەڵام ئامێر بە گشتی جێگەی کرێار دەگرێتەوە، بەمەش بەشێک لە کرێکاران دەبنە زیادە و سەربار. هێنانی ئامێری نوێ ڕاستەوخۆ واتە دوورخستنەوەی هەندێک کرێکار. لەنێو ئەوانەی پێشتر لە کارگەدا کاریان دەکرد، ژمارەیەکی دیاریکراو بێکار دەکرێن. ئیدی، چونکە ئامێری نوێ بەردەوام لە لقێکەوە بۆ لقێکی تری بەرهەمهێنان دێتەپێشەوە، بێکاری لە سایەی سەرمایەداریدا دەبێتە دۆخێکی هەمیشەیی. ئاخر سەرمایەدار ئیشی بەوە نییە کار بۆ هەمووان یان کاڵا بۆ هەمووان دابین بکات؛ ئامانجی سەرمایەدار تەنیا یەک شتە: قازانجی زیاتر. بۆیە هەر کرێکارێک کە نەتوانێت وەک جاران قازانجی بۆ دروست بکات، دەری دەکات.

لە ڕاستیدا، لە هەموو شارە گەورەکانی تەواوی وڵاتانی سەرمایەداریدا ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاری بێکار دەبینرێن. لە ڕیزی ئەم بێکارانەدا کرێکاری چینی و ژاپۆنی، گەنجانی لە لادێ دابەزیوو، فرۆشیاری پێشوو، پیشەوەری پێشوو هەن، هاوشانی جووتیارگەلێک کە هەرەسیان هێناوە و لە هەموو لایەکی جیهانەوە هاتوون بەدوای کاردا دەگەڕێن. هەروەها کرێکاری کانزاساز، کرێکاری چاپەمەنی، کرێکاری جلوبەرگ و هاوشێوەیان دەدۆزینەوە: پیاوانێک کە ساڵانێکی زۆر لە کارگەکاندا کاریان کردووە، پاشان بەهۆی هاتنی ئامێری نوێوە بێکار کراون. ئەوان هەموویان کۆبوونەتەوە و یەدەگێک لە هێزی کاریان بۆ سەرمایە پێکهێناوە، ئەوەیان لێ دروستبووە کە مارکس ناوی نابوو سوپای یەدەگی کار. بەهۆی بوونی ئەم سوپای یەدەگی کارەوە، بەهۆی بێکاری بەردەوامەوە، پاشکۆیەتی و ژێردەستەیی چینی کرێکار تادێت زیاد دەکات. بە یارمەتی ئامێری نوێ، سەرمایە دەتوانێت زێڕی زیاتر لە هەندێک لە کرێکاران دەربێنێت، لە کاتێکدا ئەوانی تر، کرێکارانی زیادە، فڕێدەدرێنە سەر شەقام. هەڵبەت ئەوانەی کە فڕێدراونەتە سەر شەقام گورزێکن لە دەستی سەرمایەداردا، قامچییەکن کە بۆ ڕاگرتنی ئەو کرێکارانەی لەسەر کارن بەکاریان دەهێنێت.

سوپای یەدەگی پیشەسازی نموونەیەکن دەردخەری دڕندەیی، هەژاری، برسییەتی، مردن و تاوانن. ئەوانەی کە ساڵانێک بێکارن، وردە وردە دەست دەدەنە خواردنەوە، دەبنە بێکار، گەڕۆک، سواڵکەر و هتد. لە شارە گەورەکاندا – لەندەن، نیویۆرک، هامبۆرگ، بەرلین، پاریس بە نموونە– گەڕەکی تەواو هەن کە ئەم بێکارانە تێیدا نیشتەجێن. بازاڕی هیترۆف لە مۆسکۆ نموونەیەکی باشە بۆ ئەمە. جا ئیتر ئەمانە چیتر پرۆلێتاریا نین، چینێکی نوێن، لەوانە پێکهاتووە کە بیریان نەماوە چۆن کار بکەن. ئەم بەرهەمەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری پێی دەوترێت لۆمپەن-پرۆلێتاریا (پرۆلێتاریای بێکار).

هاتنی ئامێرەکان بووە هۆی بەکارهێنانی ژنان و منداڵانیش، ئاخر دەستی کاری ئەوان هەرزانترە و قازانجی زیاتر دەخاتە باخەڵی سەرمایەدارەوە. لە ڕابردوودا، پێش هاتنی ئامێرەکان، لە بەرهەمهێناندا لێهاتوویی تایبەت پێویست بوو، هەندێک جار دەبوو کرێکار ماوەیەکی زۆر ڕاهێنان بکات. بەڵام ئێستا

هەندێک ئامێر هەن لەلایەن منداڵانیشەوە بەڕێوە دەبرێن؛ تەنها پێویستە دەست یان قاچ بجوڵێنێت. لەبەر ئەمەیە کە، دوای داهێنانی ئامێرەکان، کاری ژنان و منداڵان زیاتر بەکارهێنرا. ژنان و منداڵان کەمتر لەچاو پیاواندا کەمتر بەرەنگاری چەوساندنەوەی سەرمایەداری دەبنەوە. ئەوان زیاتر ملکەچن، بە ئاسانی دەترسێنرێن؛ ئەوان پتر باوەڕ بە قەشەکان دەکەن کە دەڵێن دەبێ هەر شتێک قبووڵ بکەین کە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە پێمان دەوترێت. هەر لەبەر ئەوەیە کە زۆرجار خاوەنکار کرێکاری پیاو دەگۆڕێت بە کرێکاری ژن و منداڵ، ناچاریان دەکات خوێنی خۆیانی بۆ بکەنە پارە و زێڕ و قازانج.

لە ساڵی 1918، ژمارەی کرێکارانی ژن لە هەموو بوارەکاندا (واتە، نەک تەنیا بواری کاری دەستی و چنین) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو: فەڕەنسا، 6,800,000؛ ئەڵمانیا، 9,400,000؛ نەمسا-هەنگاریا، 8,200,000؛ ئیتاڵیا، 5,700,000؛ بەلجیکا، 930,000؛ ئەمریکا، 8,000,000؛ ئینگلتەرا و وێڵز، 6,000,000. لە ڕووسیا، ژمارەی کرێکارانی ژن تادێت زیاد دەکات. لە ساڵی 1900، ژمارەی کرێکارانی ژن 25%ی هەموو کرێکارانی کارگەکانیان پێکدەهێنا؛ لە ساڵی 1908، 31%ـیان پێکدەهێنا؛ لە ساڵی 1912، 45%ـیان پێکدەهێنا. تەنانەت لە هەندێک لە لقەکانی بەرهەمهێناندا، ژنان لە پیاوان زیاتر بوون. بۆ نموونە، لە پیشەسازی جلوبەرگدا، لە کۆی 870,000 کرێکار لە ساڵی 1922، 458,000ـیان ژن بوون – واتە زیاتر لە نیوە، زیاتر لە 52%. لە کاتی جەنگیشدا، ژمارەی کرێکارانی ژن بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیکرد.

هەرچی کاری منداڵانیشە، لە زۆر شوێن گەشە دەکات، لەکاتێکدا قەدەغەکراوە. لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداریدا، بۆ نموونە لە ئەمریکا، کاری منداڵان لە هەموو لایەکەوە دەبینرێت. لە ڕاستیدا ئەمە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی خێزانی چینی کرێکار. ئاخر ئەگەر دایکان و منداڵان بچنە کارگە، چی بەسەر ژیانی خێزانیدا دێت؟

کاتێک ژنێک دەچێتە کارگە، کاتێک دەبێتە کرێکاری کرێگرتە، سەرئەنجام ئەویش وەکو پیاوان ڕووبەڕووی بێکاری و ناخۆشییەکانی دەبێتەوە. ئەویش، بە هەمان شێوە، لەلایەن سەرمایەدارەوە دەرگای چوونەدەرەوەی پێشان دەدرێت و دەردەکرێت؛ ئەویش دەچێتە ڕیزی سوپای یەدەگی پیشەسازییەوە؛ ئەویش، وەک پیاوان، لەوانەیە تووشی بەدڕەوشتی ببێت. هەر کە ژنێک لە سەر شەقام بۆ یەکەمجار جەستەی خۆی دەفرۆشێتە کەسێک، لێرەوە ئیتر لەشفرۆشی پەیدادەبێت. ژنێک کە هیچی نییە بیخوات، کاری نییە و لە هەموو شوێنێکەوە دەرکراوە، یان ئەگەر کارێکیشی هەبێت، کرێی کارەکە زۆر کەمە، ڕەنگە ناچار بێت بە فرۆشتنی جەستەی خۆی داهات پەیدا بکات. دوای ماوەیەک، ئەم کارە نوێیە دەبێتە خوویەک. بەم شێوەیە چینی لەشفرۆشە پیشەوەرەکان دروست دەبێت.

لە شارە گەورەکاندا، ژمارەیەکی زۆر لەشفرۆش هەیە. لە شارەکانی وەک هامبورگ و لەندەن، بە دەیان هەزار لەم مرۆڤە بێبەشانە دەبینرێن. سەرمایە ئەوان وەک سەرچاوەی قازانج و دەوڵەمەندبوون بەکار

دەهێنێت، داوێنپیسی گەورە لەسەر شێوازی سەرمایەداریانە ڕێکدەخات. بازرگانییەکی نێودەوڵەتی فراوان لەم کۆیلایەتییە سپییە لەئارادایە. شارەکانی ئەرجەنتین پێشتر سەنتەری ئەم بازرگانییە بوون. لەوەش قێزەونتر لەشفرۆشی منداڵان لە هەموو شارەکانی ئەوروپا و ئەمریکادا تادێت گەشە دەکات.

لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، چەندە ئامێری باشتر و باشتر داهێندرێت، چەندە کارگەی گەورەتر و گەورەتر دروست بکرێت، چەندە بڕی کاڵا زیاد بکات، چەوساندنەوەی سەرمایەدارییش بە هەمان شێوە زیاد دەکات، سوپای یەدەگی پیشەسازی خراپتر و هەژارتر دەبێت، چینی کرێکاریش زیاتر و زیاتر پشت بە چەوسێنەرەکانی دەبەستێت.

ئەگەر خاوەندارێتی تایبەت بوونی نەبووایە، ئەگەر هەموو شتێک بە هاوبەشی خاوەنداریەتی بکرایە، دۆخێکی زۆر جیاواز دەبوو. ئەوکات خەڵک ڕۆژی کارکردنیان کورت دەکردەوە، هێزی خۆیان دەپاراست، کارەکانیان پاشەکەوت دەکرد، کاتی پشووی زۆریان دەبوو. کاتێک سەرمایەدار ئامێر دەهێنێت، ئامانجی قازانجە؛ بیر لە کەمکردنەوەی ڕۆژی کارکردن ناکاتەوە، چونکە بەوە زیانی لێدەکەوێت. سەرمایەدار ئامێر بۆ ئازادکردنی خەڵک بەکارناهێنێت، بەڵکو بۆ کۆیلەکردنیان بەکاریدێنێت. لەگەڵ پەرەسەندنی سەرمایەداریدا، بەشێکی زیاتر و زیاتر لە سەرمایە بۆ ئامێرەکان، بینا زەبەلاحەکان، کورە گەورەکان، و هتد تەرخان دەکرێت. لە لایەکی ترەوە، بەشی سەرمایەی خەرجکراو لە کرێی کاردا بەردەوام بچووکتر دەبێتەوە. لە ڕۆژگاری کۆندا، کاتێک کاری دەستی هێشتا باو بوو، خەرجی لەسەر دەزوو و کەرەستەی تر کەم بوو؛ نزیکەی هەموو خەرجییەکانی سەرمایە لەسەر کرێی کار بوو. ئێستا، بە پێچەوانەوە، بەشێکی زۆر گەورەتر بۆ بینا و ئامێرەکان تەرخان دەکرێت. ئەنجامەکەی ئەوەیە کە داخوازی لەسەر هێزی کار لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی پرۆلێتاریادا نایەتەوە، بەشی پێویست نییە بۆ هەڵمژینی ئەو قوربانیانەی کە بەهۆی سەرمایەدارییەوە وێران بوون. چەندە پێشکەوتنی تەکنیک لەسایەی سەرمایەداریدا بەهێزتر ببێت، هێندە زیاتر سەرمایە بە دڕندەیی چینی کرێکار دەچەوسێنێتەوە؛ چونکە دۆزینەوەی کار سەختتر دەبێت، ژیانیش قورستر دەبێت.

پشێوی بەرهەمهێنان؛ کێبڕکێ؛ قەیرانەکان

لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنیکی بەرهەمهێناندا کێشەکانی چینی کرێکار بەردەوام زیاد دەکات. لەسایەی سیستەمی سەرمایەداریدا ئەم پێشکەوتنە، لەجیاتی ئەوەی سوود بۆ هەمووان بهێنێت، قازانجی زیاتر بۆ سەرمایە و بێکاری و وێرانبوون بۆ زۆرێک لە کرێکاران دەهێنێت. بەڵام هۆکاری تریش هەن بۆ زیادبوونی ئەم کێشانە.

پێشتر تێگەشتین کە کۆمەڵگەی سەرمایەداری زۆر خراپ دروست کراوە. خاوەندارێتی تایبەت باڵادەستە

و هیچ پلانێکی دیاریکراو نییە. هەر خاوەن کارگەیەک کاروباری خۆی و سەربەخۆ و بێئاگادارییی ئەوانی تر بەڕێوە دەبات. ئەو لەگەڵ ڕکابەرەکانی بۆ کڕیارەکان دەجەنگێت، "کێبڕکێ"ـیان لەگەڵدا دەکات. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم کێبڕکێیە لەگەڵ پەرەسەندنی سەرمایەداریدا لاواز دەبێت یان چڕتر دەبێتەوە. ڕەنگە لە سەرەتاوە وا دەرکەوێت کێبڕکێکە لاواز دەبێت. لە ڕاستیدا، ژمارەی سەرمایەدارەکان بەردەوام کەمتر دەبێتەوە؛ ماسییە گەورەکان ماسییە بچووکەکان دەخۆن. لە لە ڕۆژگاری کۆندا دە هەزار خاوەنکار لەگەڵ یەکتردا دەجەنگان و کێبڕکێکە توند بوو، ئێستا کە ڕکابەرەکان کەمترن، ڕەنگە وا گومان بکرێت ڕکابەرییەکە کەمتر بێت. بەڵام لە ڕاستیدا وانییە. دۆخەکە بە تەواوی پێچەوانەیە. ڕاستە کە ژمارەی ڕکابەرەکان کەمترە. بەڵام ئەمانە، لەچاو لە ڕکابەرەکانی قۆناغی پێشوو، زۆر بەهێزتر بوون. ململانێ لەنێوانیاندا گەورەترە، نەک کەمتر؛ توندترە، نەک نەرمتر. ئەگەر لە هەموو جیهاندا تەنیا چەند سەرمایەدارێک حوکمڕانی بکەن، ئەوا ئەم حکومەتە سەرمایەدارییانە لەگەڵ یەکتر دەجەنگن. ئەمەش ڕێک ئەوەیە کە لە ئێستادا ڕوودەدات. لە ئێستادا ململانێ لە نێوان کۆمەڵێک گەورە سەرمایەداردا ڕوودەدات، وردتر بڵێم، لە نێوان دەوڵەتەکانیان. ئەوان لەگەڵ یەکتردا دەجەنگێن، نەک تەنیا بەهۆی نرخی کێبڕکێوە، بەڵکو بەهۆی هێزی چەکداریشەوە. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین لەگەڵ پەرەسەندنی سەرمایەداریدا کێبڕکێکاران کەم دەبنەوە، بەڵام خودی کێبڕکێکە تادێت توندتر و وێرانکەرتر دەبێت.

دیاردەیەکی تر کە ئێستا دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، ئەو شتەیە کە پێی دەوترێت قەیران. قەیران چییە؟ سروشتی ڕاستەقینەی قەیران چییە؟ دەتوانین بەمشێوەیە ڕوونی بکەینەوە: ڕۆژێک دێت دەردەکەوێت کاڵا جۆراوجۆرەکان ڕادەیەکی زۆریان لێ بەرهەم هێنراوە. نرخەکان دادەبەزن، بەڵام کاڵاکان ناتوانرێت ساغ بکرێنەوە. کۆگاکان پڕن لە هەموو جۆرە بەرهەمێک، کە کڕیاریان نییە؛ کڕیارەکان کەمن. پێویست بە وتن ناکات، ژمارەیەکی زۆر کرێکاری برسی هەن، بەڵام هیچیان زیاتر لە بڕێکی کەم وەرناگرن، ناتوانن زیاتر لە پێویستییە هەرە ئاساییەکانیان بکڕن. ئەوکات کارەسات ڕوودەدات. لە لقێکی دیاریکراوی پیشەسازیدا، سەرەتا پڕۆژە بچووک و مامناوەندییەکان دەڕوخێن و دادەخرێن؛ پاشان شکستی پڕۆژە گەورەکان بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بەڵام ئەم لقەی بەرهەمهێنان کە تووشی ئەمە بوو، کاڵای لە لقێکی تری بەرهەمهێنان کڕیوە؛ ئەمەی دووەمیشیان لە سێیەمی کڕیوە. بۆ نموونە، دووروومانەکان قوماش لە دروستکەرانی قوماش دەکڕن؛ ئەوانیش خوری لە دەستچنەکان دەکڕن؛ و بەم شێوەیە. دووروومانەکان تووشی شکست دەبن، لە ئەنجامدا هیچ کڕیارێک بۆ دروستکەرانی قوماش نامێنێت. هەر کە دروستکەرانی قوماشیش شکست دەهێنن، شکستی ئەوان کاریگەری دەخاتە سەر ئەو کۆمپانیایانەی کە خورییان پێ دەدەن. کارگە و وەرشەکان لە هەموو شوێنێک دادەخرێن، دەیان هەزار کرێکار فڕێدەدرێنە سەر شەقام، بێکاری دەگاتە ئاستێکی بێوێنە و ژیانی کرێکاران خراپتر دەبێت. لەکاتێکدا بڕێکی زۆر کاڵا هەیە. کۆگاکان پڕن لە کاڵا. ئەمە هەمیشە لە پێش جەنگ ڕوودەدات. پیشەسازی گەشە دەکات؛ پیشەسازەکان بە خێراییەکی زۆر کار دەکەن. لەناکاو ڕووداوێک ڕوودەدات

و ناخۆشی و بێکاری بەدوای خۆیدا دەهێنێت و کارەکان ڕادەوەستن. دوای ماوەیەک، دۆخەکە بەرەو باشبوون دەڕوات؛ چالاکییەکی زۆر دەستپێدەکاتەوە، پاشان قەیرانێکی نوێ بەدوایدا دێت. ئەم بازنەیە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە.

چۆن دەتوانین ئەم دۆخە بێمانایە ڕوون بکەینەوە، کە تێیدا خەڵک لەناو سامانێکی زۆردا هەژار دەبن؟

وەڵامدانەوەی پرسیارەکە ئاسان نییە. بەڵام دەبێت وەڵامی بدەینەوە.

پێشتر لەوە تێگەشتین کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا پشێوی، یان بە واتایەکی تر پشێویی بەرهەمهێنان، باڵادەستە. هەر خاوەن کارگەیەک، هەر خاوەنکارێک، لەسەر بەرپرسیارێتی خۆی، بۆ خۆی بەرهەمهێنان دەکات. ئەنجامە سروشتییەکەی لەم بارودۆخانەدا ئەوەیە کە زوو یان درەنگ کاڵای زۆر بەرهەم دەهێنرێت – زیادەبەرهەمهێنان ڕوودەدات. کاتێک بەرهەمهێنانی بەرهەم هەبوو نەک بەرهەمهێنانی کاڵا، واتە، کاتێک بەرهەمهێنان بۆ بازاڕ نەبوو، ئەوکات هیچ مەترسییەکی زیادەبەرهەمهێنان لەئارادا نەبوو. دۆخەکە لە بەرهەمهێنانی کاڵادا زۆر جیاوازە. هەر بەرهەمهێنەرێک، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەوە بکڕێت کە بۆ بەرهەمهێنانی زیاتر پێویستی پێیەتی، دەبێت سەرەتا بەرهەمەکانی خۆی بفرۆشێت. ئەگەر لە هەر شوێنێکدا بەهۆی پشێویی بەرهەمهێنانەوە کارێک ڕاوەستێت، کێشەکە بە خێرایی لە لقێک لە بەرهەمهێنانەوە دەگوازرێتەوە بۆ لقێکی تر، بە شێوەیەک کە قەیرانێکی گشتگیر ڕوودەدات.

ئەم قەیرانانە کاریگەری وێرانکەریان هەیە. بڕێکی زۆر کاڵا لەناو دەچن. پاشماوەی بەرهەمهێنانی بچووک لەناو دەبرێن. تەنانەت کۆمپانیا گەورەکانیش زۆرجار شکست دەهێنن. زۆرینەی باری قورسی ئەم قەیرانانەش بە دڵنیاییەوە دەکەونە سەر شانی چینی کرێکار. هەندێک کارگە بە تەواوی دادەخرێن؛ ئەوانی تر بەرهەمهێنان کەم دەکەنەوە و تەنیا نیوەی کاتەکان کار دەکەن؛ هەندێکی تریش بە شێوەیەکی کاتی دادەخرێن. ژمارەی بێکاران زیاد دەکات. سوپای یەدەگی پیشەسازی گەورەتر دەبێت. هاوکات هەژاری و چەوساندنەوەی چینی کرێکار زیاد دەکات. لە کاتی ئەم قەیرانانەدا، دۆخی چینی کرێکار، کە لە باشترین کاتیشدا خراپە، خراپتر دەبێت.

بۆ نموونە، با سەیری داتاکانی قەیرانی 1907-1910 بکەین، کە کاریگەری لەسەر هەردوو ئەوروپا و ئەمریکا و لە ڕاستیدا لەسەر هەموو جیهانی سەرمایەداری هەبوو. لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، ژمارەی بێکارانی یەکێتییە پیشەییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە زیادیکرد: حوزەیرانی 1907، 8.1%؛ تشرینی یەکەم، 18.5%؛ تشرینی دووەم، 22%؛ کانوونی یەکەم، 32.7% (لە پیشەی بیناسازیدا، 42%؛ لە پیشەی جل و بەرگدا، 43.6%؛ لەنێو کرێکارانی تووتندا، 55%). بە ڕوونی دیارە کە کۆی ژمارەی بێکاران، بە لەبەرچاوگرتنی کرێکارانی نارێکخراویش، هێشتا گەورەتر بوو. لە ئینگلتەرا، ڕێژەی بێکاری لە هاوینی 1907دا 3.4% بۆ 4% بوو؛ لە تشرینی دووەمدا، بۆ 5% بەرزبووەوە؛ لە کانوونی یەکەمدا، بۆ 6.1%؛ لە

حوزەیرانی 1908دا، گەیشتە 8.2%. لە ئەڵمانیا، لە کانوونی دووەمی 1908دا، ڕێژەی بێکاری دوو ئەوەندەی هەمان مانگی ساڵی پێشوو بوو. هەمان بارودۆخ لە وڵاتانی تردا بەدیکرا.
سەبارەت بە کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانیش، دەکرێت ئاماژە بەوە بدرێت کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرهەمهێنانی ئاسنی کاست، کە لە ساڵی 1907دا 26,000,000 تەن بوو، بەڵام لە ساڵی 1908دا تەنیا 16,000,000 تەن بوو.

لە کاتی قەیرانەکاندا، نرخی کاڵا دادەبەزێت. سەرمایەدارە گەورەکان، کە پەرۆشی قازانجن، دریغی ناکەن لە دابەزاندنی کوالیتی بەرهەمهێنان. بەرهەمهێنەرانی قاوە لە بەڕازیل، بۆ ئەوەی نرخەکان بە بەرزی بهێڵنەوە، چەندین گونییە قاوەیان فڕێدایە دەریاوە. لە ئێستادا، هەموو جیهان لە ئەنجامی جەنگی سەرمایەدارییەوە بەدەست برسییەتی و ڕاوەستانی بەرهەمهێنانی کاڵاوە دەناڵێنێت. ئەمانە هەمووی بەرئەنجامی سەرمایەدارین، کە فەرمانی بەم جەنگە وێرانکەرەکە دا. لە کاتی ئاشتیدا، سەرمایەداری بە دنیای پڕکرد لە کاڵا، کە هیچ سوودی بۆ کرێکاران نەبوو، ئەوان گیرفانیان خاڵی بوو. زیادەی کاڵا هیچی بۆ کرێکاران نەهێنا جگە لە بێکاری و کۆمەڵێک خراپیی دیکە.

پەرەسەندنی سەرمایەداری و چینایەتی: چڕبوونەوەی خەباتی چینایەتی.

بینیمان کە کۆمەڵگەی سەرمایەداری تووشی دوو ناکۆکی بنەڕەتی یان دوو نەخۆشیی بنەڕەتی دەبێت. یەکەمیان "پشێوییە"؛ واتە ڕێکخستنی نییە. دووەمیان ئەوەیە ئەم سیستەمە دوو کۆمەڵگەی دژبەیەک (دوو چین) پێکدێنێت. هەروەها بینیمان کە لەگەڵ پەرەسەندنی سەرمایەداریدا، پشێویی بەرهەمهێنان، کە لە کێبڕکێدا دەردەکەوێت، دەبێتە هۆی ناکۆکی، بێسەروبەری و وێرانبوونی بەردەوام. هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگا، لەجیاتی ئەوەی کەم ببێتەوە، زیاد دەکات. هەموو ئەمانە لەوەوە دێن کە کۆمەڵگا بەسەر دوو بەشدا، بەسەر دوو چیندا دابەش بووە. لەگەڵ پەرەسەندنی سەرمایەداریدا، ئەم دابەشبوونە، ئەم جیاوازییە لە نێوان چینەکاندا، بە هەمان شێوە زیاتر دەبێت. لەلایەک، چینی سەرمایەدار هەیە، کە هەموو دەوڵەمەندییەکانی جیهانی تێدا کۆبۆتەوە؛ لە لایەکی ترەوە، چینی چەوساوەکان هەیە، کە هەژاری و تاڵی و فرمێسکی تێدا کۆبۆتەوە. لە سوپای یەدەگی پیشەسازییشەوە چینێک لە کەسانی ئاستنزم و دڕندە دروست دەبێت، کە بەهۆی هەژارییەکی لەڕادەبەدەرەوە خنکاون. ئەوانەش کە لە کاردا دەمێننەوە شێوازی ژیانیان زۆر لە سەرمایەدارەکان جیاوازە. جیاوازیی نێوان پرۆلێتاریا و بۆرژوازی بەردەوام زیاد دەکات. پێشتر ژمارەیەکی زۆر سەرمایەداری بچووک هەبوو، زۆرێکیان پەیوەندیی نزیکیان لەگەڵ کرێکاراندا هەبوو، وەک ئەوان ژیانێکی کەمتر باشیان هەبوو. شتەکان ئەمڕۆ زۆر جیاوازن. پاشاکانی سەرمایە بە شێوەیەک دەژین کە کەس لە ڕۆژگاری کۆندا خەیاڵی پێوە نەبینیوە. ڕاستە کە ئاستی ژیانی کرێکاران لە درێژەی پەرەسەندنی سەرمایەداریدا باشتر بووە. تا سەرەتای سەدەی بیستەم، بەرزبوونەوەیەکی گشتی لە کرێدا ڕوویداوە، بەڵام لەم ماوەیەدا، قازانجی سەرمایەداری زۆر خێراتر

زیادیکرد. ئەمڕۆ کەلێنێکی گەورە لە نێوان بارودۆخی کرێکاران و چینی سەرمایەداریدا هەیە. سەرمایەدار ئێستا ژیانێکی تەواو جیاواز بەسەر دەبات؛ خۆی هیچی بەرهەم ناهێنێت. چەندە سەرمایەداری گەشە بکات، هێندە ئاستی گرووپە بچووکەکەی سەرمایەدارە هەرە دەوڵەمەندەکان بەرزتر دەبێتەوە، بەمەش کەلێنەکەی نێوان ئەم پاشایە بێ تاجانە و ئەو ملیۆنان پرۆلێتاریا بەکۆیلەکراوانەدا گەورەتر دەبێت.

وتمان کە کرێی کرێکاران بە گشتی بەرزبووەتەوە، بەڵام قازانج زۆر خێراتر زیادیکردووە، و لەبەر ئەم هۆکارە کەلێنەکە لەنێوان دوو چینەکەدا فراوانتر بووە. بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، کرێ بەرز نەبووەتەوە بەڵکو دابەزیوە؛ لە کاتێکدا لە هەمان ماوەدا قازانج لەچاو جاران زۆر زیادیکردووە. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە لە ساڵانی دواییدا زیادبوونێکی نائاسایی و خێرا لە نایەکسانی کۆمەڵایەتیدا ڕوویداوە.

زۆر ڕوونە کە ئەم نایەکسانییە کۆمەڵایەتییە، لە گەشەسەندنی بەردەوامی خۆیدا، دەبێت زوو یان درەنگ ببێتە هۆی پێکدادانێک لەنێوان کرێکاران و سەرمایەداراندا. ئەگەر جیاوازی نێوان دوو چینەکە کەمتر بووایە، ئەگەر بارودۆخی ژیانی کرێکاران نزیکتر بووایە لە هی سەرمایەدارەکان، ئەوکات، بە دڵنیاییەوە، دەمانتوانی چاوەڕێی ڕژێمێکی "ئاشتی لەسەر زەوی و نیازپاکیی بۆ مرۆڤەکان" بکەین. بەڵام ئەوەی لە ڕاستیدا ڕوودەدات، ئەوەیە کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا کرێکار ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە سەرمایەدار دوور دەکەوێتەوە. ئەنجامی حەتمی ئەمە چڕبوونەوەی بەردەوامی جەنگی چینایەتییە لەنێوان پرۆلێتاریا و بۆرژوازیدا.

تیۆریستەکانی بۆرژوازی چەندین نارەزایەتی دەربارەی ئەم بۆچوونە دەخەنەڕوو. ئەوان دەیانەوێت وا نیشان بدەن کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا دۆخی چینی کرێکار بەردەوام باشتر دەبێت. سۆشیالیستەکانی باڵی ڕاستیش لەسەر هەمان ئاواز دەخوێنن. نووسەرانی هەردوو قوتابخانە جەخت لەوە دەکەنەوە کە کرێکاران وردە وردە دەوڵەمەندتر دەبن و دەتوانن چاوەڕێی ئەوە بکەن خۆیشیان ڕۆژێک دەبنە سەرمایەداری بچووک. ئەو چاوەڕوانیانە هەڵە دەرچوون. لە ڕاستیدا دۆخی کرێکاران لە چاو سەرمایەدارەکاندا بەردەوام خراپتر بووە. نموونەیەک بۆ ئەمە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، وڵاتی زۆرترین پێشکەوتنی سەرمایەداری. ئەگەر توانای کڕین (واتە بڕی ئەو پێداویستیانەی کە کرێکاران دەتوانن بیکڕن) لەبەرچاو بگرین، ساڵانی 1890-1899 وەک ستانداردێک بە 100 وەربگرین، توانای کڕین لە چەند ساڵێکی جیاوازدا بەم شێوەیەی خوارەوە بووە: 1880، 98.6؛ 1895، 100.6؛ 1900، 103.0؛ 1905، 101.4؛ 1907، 101.5. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئاستی ژیانی کرێکاران بە کردەوە هیچ باشبوونێکی بەخۆوە نەدیوە. بڕی خۆراک، جلوبەرگ و هتد کە کرێکارێکی ئاسایی لە ساڵی 1890 کڕیبووی، لە ساڵانی دواتردا لە 8% زیاتر زیادیکردبوو؛ ئەمە زۆرترین بەرزبوونەوەی توانای کڕینی کرێیەکەی بوو. بەڵام لە هەمان ماوەدا ملیۆنێرە ئەمریکییەکان، گەورە پیشەسازەکان، قازانجی زۆریان دەکرد، بڕی ئەو زێدەباییەی کە وەریاندەگرت بێئەندازە زیادی کردبوو.

شەڕی چینایەتی لە ناکۆکی بەرژەوەندییەکانی نێوان بۆرژوازی و پرۆلێتاریاوە سەرچاوە دەگرێت. ئەم بەرژەوەندییانە، وەک بەرژەوەندیی نێوان گورگ و مەڕ، لەسەر بنەمای ئاشتی دانامەزرێت.

ڕوونە کە سەرمایەدار قازانجی لەوەدایە کرێکار درێژترین ماوە کار بکات و کەمترین پارە وەربگرێت؛ لەولایشەوە، سوودی کرێکار لەوەدایە کەمترین ماوە کار بکات و زۆرترین کرێ وەربگرێت. بۆیە لەو کاتەوەی کە چینی کرێکار بۆ یەکەمجار پەیدا بووە، خەباتێک بۆ بەرزکردنەوەی کرێ و کەمکردنەوەی کاتژمێرەکانی کار سەریهەڵداوە.

ئەم خەباتە لەوەتەی هەیە بەردەوامە و تادێت توندتر دەبێت، لەوەشدا کورتنەبۆتەوە خەباتێک بێت بۆ تەنها زیادکردنی کرێ. لە هەر شوێنێک سیستەمی سەرمایەداری گەشەی کردبێت، کرێکاران گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە دەبێت کۆتایی بە خودی سەرمایەداری بهێنن. کرێکاران بیریان لەوەکردۆتەوە چۆن ئەم سیستەمە قێزەونە بگۆڕن بە سیستەمێکی دادپەروەر و هاوڕێییانە. ئەمەیە بنچینەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی چینی کرێکار.

لە ماوەی خەباتیاندا، کرێکاران تووشی چەندین شکست هاتوون. بەڵام هەر خودی سیستەمی سەرمایەداری دوا سەرکەوتنی پرۆلێتاریای لەناو خۆیدا هەڵگرتووە. بۆچی؟ چونکە پەرەسەندنی سەرمایەداری دەبێتە هۆی بەپرۆلێتارکردنی زۆرینەی خەڵک. سەرکەوتنی سەرمایەی گەورە دەبێتە هۆی لەناوچوونی پیشەوەرانی سەربەخۆ، بازرگانە بچووکەکان، و جووتیاران؛ ژمارەی کرێکارانی کرێگرتە زیاد دەکات. لە هەموو هەنگاوێکی پەرەسەندنی سەرمایەداریدا، پرۆلێتاریا ژمارەی زیاتر دەکات. وەک هایدرا وایە، دڕندە فرە سەرەکەی ناو ئەفسانەکان؛ ئەگەر یەکێک لە سەرەکانی ببڕیت، دە سەری نوێ لەجێگەی دەردێن. کاتێک بۆرژوازی ڕاپەڕینێکی چینی کرێکاری سەرکوت کرد، بەم کارە سیستەمی سەرمایەداری بەهێزتر کرد. پەرەسەندنی سیستەمی سەرمایەداری، بە ملیۆنان خاوەن موڵکی بچووک و جووتیاری لەناو برد، فڕێیدانە ژێر پێی سەرمایەدارەکان. بەڵام لە بەرامبەردا ژمارەی پرۆلێتاریا، دوژمنانی چینی سەرمایەداری، زیادیکرد. هەڵبەت زیادبوونی چینی کرێکار تەنیا لە ژمارەدا نەبوو، بەڵکو لە هێز و یەکگرتنیشدا بوو: چینی کرێکار بەهێزتر و یەکگرتووتر بوو. بۆچی ئەمە ڕوویدا؟ چونکە، لەگەڵ پەرەسەندنی سەرمایەداریدا، ژمارەی کارگە گەورەکان زیادیکرد. ئاخر هەر کارگەیەکی گەورە هەزار کرێکار، هەندێک جار دە هەزار کرێکار لەخۆدەگرێت. ئەم کرێکارانە شان بە شانی یەک کار دەکەن. ئەوان دەزانن چۆن خاوەنکارە سەرمایەدارەکەیان دەیانچەوسێنێتەوە. تێدەگەن کە تەنیا کرێکار دۆست و هاوڕێی کرێکارە. لە درێژەی کارەکانیاندا، پرۆلێتاریا، کە لە کارگەدا یەکیانگرتووە، فێر دەبن چۆن هێزەکانیان یەک بخەن. ئاسانتر لەگەڵ یەکدیدا ڕێکدەکەون. لەبەر ئەوەیە کە لەگەڵ پەرەسەندنی سەرمایەداریدا، نەک تەنیا ژمارەی کرێکاران زیاد دەکات، بەڵکو یەکڕیزی چینی کرێکاریش زیاد دەکات.

هەرچەندە کارگە زەبەلاحەکان بە خێرایی زیاتر پەرەبسێنن، هێندەش سەرمایەداری بە خێرایی زیاتر گەشە دەکات، هێندەش خێراتر پیشەوەرانی سەربەخۆ، کرێکارانی ناوماڵ و جووتیارەکان وێرانتر دەبن. ئەمە جگەلەوەی گەشەی شارە گەورەکان بە ملیۆنان دانیشتووانەوە خێراتر دەبێت. لە کۆتاییدا، لە شارە گەورەکاندا، لە ناوچەیەکی تا ڕادەیەک سنووردااردا بڕێکی زۆر خەڵک کۆدەبنەوە، و زۆرینەیان سەر بە پرۆلێتاریای کارگەکانن. ئەم جەماوەرە لە گەڕەکە پیس و دووکەڵاوییەکانی شاردا نیشتەجێن، لە کاتێکدا گرووپە بچووکەکەی چینی خاوەنکار، خاوەن هەموو شتێک، لە کۆشکە شاهانەییەکاندا دەژین. ژمارەی ئەو کەسانەی کە ئەم گرووپە بچووکە پێکدەهێنن بەردەوام کەم دەبێتەوە. کرێکارانیش بەردەوام ژمارەیان زیاد دەکات و یەکڕیزییان زیاتر و زیاتر دەبێت.

لەسایەی ئەو بارودۆخانەدا، هەڵکشان و چڕبوونەوەی خەبات بەپێی کات دەبێتە هۆی سەرکەوتنی چینی کرێکار. زوو یان درەنگ، سەرەڕای هەموو فرتوفێڵەکانی بۆرژوازی، کرێکاران لەگەڵ چینی خاوەنکاردا تووشی پێکدادانێکی توند دەبن، بۆرژوازی و حکومەتە دزێوەکەی لەناو دەبەن، ئەوجا سیستەمێکی نوێ بۆ خۆیان دروست دەکەن: سیستەمێکی کۆمۆنیستی کە لەسەر بنەمای کار دامەزراوە. بەم شێوەیە، سەرمایەداری، لەگەڵ پەرەسەندنیدا، بە ناچاری دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕشی کۆمۆنیستیی پرۆلێتاریا.

خەباتی چینایەتی پرۆلێتاریا دژ بە بۆرژوازی شێوازی جۆراوجۆری وەرگرتووە. سێ جۆری سەرەکی ڕێکخراوی چینی کرێکار لە درێژەی ئەم خەباتەدا سەریهەڵداوە. یەکەمیان یەکێتییە کرێکارییەکانە، کە کرێکاریان بەپێی جۆری پیشەکەیان لە دەوری یەک کۆدەکاتەوە. دووەمیان کۆمەڵە هەرەوەزییەکانە، کە بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندییان بە دابەشکردنەوە هەیە، ئامانجیان ئازادکردنی کرێکارانە لە چنگی ناوەندگیری و بازرگانان. لە کۆتاییدا پارتە سیاسییەکانی چینی کرێکارمان هەیە (سۆشیالیست، سۆسیال دیموکرات، و کۆمۆنیست) کە ئامانجیان ئەوەیە پێشەوایەتیی چینی کرێکار بکەن و ڕێکیانبخەن بۆ خەباتکردن لە دژی دەسەڵاتی سیاسی. چەندە خەبات لەنێوان ئەم دوو چینەدا توندتر بێت، هێندە زیاتر ئامانجەکەی بزووتنەوەی چینی کرێکار مانادارتر دەبێت: ڕووخاندنی دەوڵەتی بۆرژوازی. هەر ڕابەرێکی بزووتنەوەی چینی کرێکار کە بە باشی لە دۆخی چینەکەی تێگەشتبێت، جەختی لەوە کردۆتەوە کە دەبێت هاوکاری و تەباییەکی باش لەنێوان هەموو ڕێکخراوەکانی چینی کرێکاردا هەبێت. سەرکردەکانی بزوتنەوەی چینی کرێکار بە زەرورەتێکی بنچینەیی دەزانن یەکێتییە کرێکارییەکان و پارتە سیاسییەکانی پرۆلێتاریا بە یەک ئاڕاستەدا کاربکەن؛ ئەوان دەڵێن یەکێتییە کرێکارییەکان ناتوانن "بێلایەن" بن (واتە بێباک بن لە کاروباری سیاسی). وەک دەڵێن، یەکێتییەکان دەبێت شان بە شانی پارتە سیاسییەکانی چینی کرێکار هەنگاو بنێن.

تازەکی، بزووتنەوەی کرێکاران شێوازی نوێتری گرتووەتەبەر. گرنگترینیان پێکهێنانی ئەنجومەنی نوێنەرانی کرێکارانە (سۆڤیەت)، کە ڕەنگە واپێویست بکات چەند جارێک لە درێژەی ئەم کتێبەدا باسیان

بکەین.
بەمشێوە، کاتێک کە خوێندنەوە بۆ پەرەسەندنی سیستەمی سەرمایەداری دەکەین، بە خێرایی بەم دەرئەنجامانە دەگەین: ژمارەی سەرمایەدارەکان کەمتر دەبێتەوە، بەڵام ئەم چەند سەرمایەدارە دەوڵەمەندتر و بەهێزتر دەبن؛ ژمارەی کرێکاران بەردەوام زیاد دەکات، یەکڕیزیی نێوانیشیان زیادتر دەکات، ئەگەرچی زیادبوونی یەکڕیزییان لەچاو زیادبوونی ژمارەی خۆیان کەمترە. بەکورتی، جیاوازیی نێوان کرێکاران و سەرمایەداران زیاتر و زیاتر دەبێت. بە ناچارییش، پەرەسەندنی سەرمایەداری دەبێتە هۆی پێکدادانێک لەنێوان ئەم دوو چینەدا، واتە، دەبێتە هۆی شۆڕشی کۆمۆنیستی.

چڕکردنەوەی سەرمایە وەک هۆکاری سۆشیالیزم.

سەرمایەداری، وەک بینیمان، گۆڕی خۆی هەڵدەکەنێت. چونکە گۆڕهەڵکەنەکانی خۆی، واتە پرۆلیتاریا، دروست دەکات. چەندە زیاتر گەشە بکات، هێندەش زیاتر ژمارەی ئەوانە زیاد دەکات کە دوژمنی خۆین و بەرەو مەرگی دەبەن، زیاتر لە دژی خۆی یەکیاندەخات. سەرمایەداری بە تەنیا دوژمنی خۆی ناخوڵقێنێت، ئەو زەمینەیەش سازدەکات کە بۆ ڕێکخستنێکی نوێی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی، بۆ سیستەمێکی ئابووری نوێ کە هاوڕێیانە و کۆمۆنیستانەیە، پێویستە. چۆن؟ هەر ئێستا وەڵام دەدەینەوە.

پێشتر بینیمان کە سەرمایە بەردەوام لە زیادبووندایە. سەرمایەدار بەشێک لەو زێدەباییەی کە لە چینی کرێکار وەریدەگرێت، بۆ سەرمایەکەی زیاد دەکات. بەم شێوەیە، سەرمایە گەورەتر دەبێت. بەڵام ئەگەر سەرمایە لە بڕدا زیاد بکات، خۆ دەبێت بەرهەمهێنانیش فراوانتر ببێت. زیادبوونی سەرمایە، گەشەکردنی بڕی سەرمایە کە لەلایەن یەک دەستەوە خاوەندارێتی دەکرێت، پێی دەوترێت کۆکردنەوە یان چڕکردنەوەی سەرمایە.

هەروەها بینیمان کە پەرەسەندنی سەرمایەداری دەبێتەهۆی تێکچوونی بەرهەمهێنانی بچووک و بەرهەمهێنانی مامناوەندی؛ ئەمەش وادەکات بەرهەمهێنەر و بازرگانە بچووک و مامناوەندییەکان مایەپووچ بن، ئەمە جگەلە پیشەوەرانی سەربەخۆ، کە زانیمان چۆن سەرمایەداری گەورە کۆتایی بە هەموویان دێنێت. ئەو سەرمایەی کە پێشتر لەلایەن سەرمایەدارانی بچووک و مامناوەندییەوە خاوەندارێتی دەکرا، لەبندەستیان دەردێت و بە ڕێگەی جۆراوجۆر دەکەوێتە نێو دەمی قرشە گەورەکان. ئیدی ئەو سەرمایەی کە پێشتر لە چەند دەستێکدا بوو، ئێستا ئیتر لە یەک دەستدا کۆدەبێتەوە. سەرمایەدارە بچووکەکان دەدۆڕێن و سەرمایەکەیان لەلایەن سەرمایەدارە گەورەکانەوە تاڵان دەکرێت. کۆبوونەوەی ئەم سەرمایە کە پێشتر پەرشوبڵاو بوو، پێی دەوترێت ناوەندکردنی سەرمایە.

چڕکردنەوە و ناوەندکردنی سەرمایە، کۆکردنەوەی سەرمایە لە دەستی چەند کەسێکدا، هێشتا بە واتای چڕکردنەوە و ناوەندکردنی بەرهەمهێنان نییە. با وایدابنێین سەرمایەدارێک کەڵەکەبوونی زێدەبایی

بەکارهێناوە بۆ کڕینی کارگەیەکی بچووک لە دراوسێکەی، بەڵام ئەویش هێشتا ئەو کارگەیە بە شێوازە کۆنەکە بەڕێوە دەبات. لێرەدا کۆکردنەوە ڕوویداوە، بەڵام هیچ گۆڕانکارییەک لە بەرهەمهێناندا ڕووینەداوە. بە گشتی، شتەکان بە ڕێڕەوێکی جیاوازدا چوون. زۆر جار ڕوودەدات سەرمایەدار (لەبەرئەوەی قازانجی تێدایە) بەرهەمهێنان نۆژەن دەکاتەوە و فراوانی دەکات، کارگەکانی گەورەتر دەکات. ئەمەیان تەنیا زیادبوونی سەرمایە نییە، بەڵکو فراوانبوونی خودی بەرهەمهێنانە. لەم دۆخەیاندا بەرهەمهێنان بە شێوەیەکی زۆر گەورە بەڕێوە دەچێت، بڕێکی زۆر ئامێر بەکاردەهێنرێت و چەندین هەزار کرێکاری تێدا کۆدەبنەوە. ڕەنگە دەیان یان چەندین کارگەی زەبەلاح داواکاری هەموو وڵاتێک بۆ کاڵایەکی دیاریکراو دابین بکەن. لە بنەڕەتدا ئەوەی ڕوودەدات ئەوەیە کە کرێکاران بۆ هەموو کۆمەڵگا بەرهەم دەهێنن، کە کار، وەک دەوترێت، کۆمەڵایەتی کراوە. بەڵام کۆنترۆڵ و قازانج هێشتا لە دەستی سەرمایەداردایە.

**چڕکردنەوە و ناوەندیکردنی بەرهەمهێنان لە ڕاستیدا ڕێگە بۆ بەرهەمهێنانی هەرەوەزیی پاش شۆڕشی پرۆلیتاریا خۆش دەکات.**

ئەگەر ئەم چڕبوونەوەی بەرهەمهێنانە ڕووی نەدایە، ئەگەر پرۆلیتاریا دەسەڵاتی بگرتایەتە دەست، لە کاتێکدا کە کاری بەرهەمهێنان لە سەدان هەزار وەرشەی بچووکدا بەڕێوە دەچوو کە هەریەکەیان زیاتر لە دوو تا سێ کرێکاری تێدا بوو، ئەوا نەدەتوانرا ئەم وەرشانە بە باشی ڕێکبخرێن، بۆ دەستپێکردنی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی. چەندە سەرمایەداری گەشەی زیاتر بکات و بەرهەمهێنان ناوەندیتر بکرێت، هێندە ئاسانتر پرۆلیتاریا لەپاش سەرکەوتن دەتوانێت بەرهەمهێنان بەڕێوە ببات.

**بەم شێوەیە سەرمایەداری نەک تەنیا دوژمنی خۆی دروستدەکات و دەبێتەهۆی شۆڕشی کۆمۆنیستی، بەڵکو بنەمای ئابووری بۆ بەدیهێنانی سیستەمی کۆمەڵایەتیی کۆمۆنیستییش دروست دەکات.**